# ئەفلاتوون

پۆل ستراترن

# ئەفلاتوون

وەرگێڕانی

**کامەران حەسەن**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ئەفلاتوون**
- نووسینی: پۆل ستراترن
- وەرگێڕانی: کامەران حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی
- بەرگ: رزگار قەقێ عەوڵڵا
- ژمارەی سپاردن: ٤٠٧
- نرخ: ١٠٠٠
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٣٠)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| پێشەکی ........................................................... | ١ |
| ژیان و بەرهەمەکانی ئەفلاتوون ....................................... | ٧ |
| لە نووسینەکانی ئەفلاتوون .......................................... | ٤٢ |
| رووی دیکەی (فەلسەفەی) ئەفلاتوون .................................. | ٤٩ |
| ساڵنامەی رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان | |
| لەسەر بنەمای مێژووی زایینی ........................................ | ٥٨ |
| ساڵنامەی ژیانی ئەفلاتوون ........................................... | ٦٤ |
| ساڵنامەی چەرخی ئەفلاتوون .......................................... | ٦٥ |

# پێشەکی

ئەفلاتوون، هۆکاری لەناوچوونی فەلسەفە بوو، یان بە لایەنی کەمەوە هەندێك لە هزرمەندانی مۆدێرن، وەها وێنایەکمان لەلا دروست دەکەن. نیتشەو هایدگەر، هەردووکیان، لەسەر ئەو رایەن کە فەلسەفە، لە سایەی سۆزو بەخشیشەکانی سوکرات و ئەفلاتوون دا، لەسەدەی پێنجی پێش زایین، بوژانەوەی بە خۆیەوە نەبینیوە. کەمتر لە دوو سەدە پێشتر، بە جموجوڵ کەوتبوو و لە زۆربەی لایەنەکانەوە بە ئەستەمەوە هەنگاوە یەکەمەکانی هەڵگرتبوو. بەلاّم لێرەوە (واتا سەدەی پێنجی پێش زایین) بوو کە رێگای هەڵەی گرتەبەر.

سوکرات هیچ نووسینێکی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت. سەرچاوەی زانیاریەکانمان لەسەر ئەو کەسایەتییەکی نیوە مێژووییە کە لە گفتوگۆکانی ئەفلاتووندا بە دەردەکەوێ. بەگشتی، دژوارە دەستنیشانی ئەوە بکەین کە چ کاتێك ئەم کەسایەتییە، خەریکی دەربڕینی ئەو هزرانەیە کە خودی سوکرات دەریبڕیون یان تەنیا وەکو قسەکەری ئەفلاتوون رۆڵ دەبینێ. لە هەردوو حاڵەتدا ئەم سیمایە، لە بنەڕەتەوە جیاواز بوو لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانە کە پێش ئەو دەژیان و ئێستا، لەلای خەڵکی، بە پێش سوکراتییەکان بەناوبانگ بوون.

لەسەر ئەم بنەمایە، چۆن سوکرات و ئەفلاتوون، بەر لەوەی کە بەو جۆرەی پێویست بوو سەرهەڵدات، فەلسەفەیان بەرەو لەناوچوون پەلکێش کرد؟

وا دیارە کە هەڵەی ئەوان، ئەوە بووە کە فەلسەفەیان، بە شتێکی عەقڵانی لە قەڵەم داوە. هاتنەکایەی شیتەڵکاری و بەڵگەهێنانەوە، هەموو شتی لەناو برد.

بەڵام ئەو پێشینە بە نرخە پێش — سوکراتییە چی بوو هاتنەکایەی عەقڵ، تێك و پێکی شکاند؟ فەیلەسوفانی بەر لە سوکرات، ژمارەیەك لە کەسایەتیە سەرسوورهێنەرە بەرجەستەکان بوون کە پرسیار گەلێکی قووڵیان، لە هەموو بوارێکدا دەخستەڕوو: واقیعییەت چییە؟ بوون چییە؟ هەبوو چییە؟ زۆرێك لەم پرسیارانە، تا وەکو ئەمڕۆ لەلای فەیلەسوفەکان بێ وەڵام ماونەتەوە ( ئەم راستیە، ئەو گروپە فەیلەسوفە مۆدێرنانەش دەگرێتەوە کە بە بانگەشەی ئەوەی کە ناکرێت لە بنەڕەتدا وەڵامی وەها پرسیارگەلێك بدرێتەوە، خۆیان لەم گەمەیە دوور دەخەنەوە).

فیساگورس، بە چەند پلەیەك سەرنجڕاکێشترین (وسەر سوورهێنەرترین) فەیلەسوفی پێش سوکراتی بوو. فیساگورس لەم چەرخەدا لەهەر شتێکی زیاتر بەهۆی ئەو یاسایە کە بەناوی ئەوەوەیە، (واتا ئەو یاسایە کە لە کۆی رەگی دووجای لای، سێگۆشەی وەستاو، بەرامبەرە بە رەگی ژێی هەمان سێگۆشە) کە لە یادەکاندا ماوەتەوە. چەندین سەدەیە ئەم بابەتە، یەکەمین ئەنجامگیری راستی (دروستی) ماتماتیکی بۆ خەڵکانێکی زۆر ئاسان دەکات: کە هیچ کاتێك سەر لە ماتماتیك دەرناکەن! فیساگورس بوو کە قووڵترین کاریگەریی لەسەر ئەفلاتوون هەبوو و بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی زۆربەی بیروڕاکانی ئەفلاتوونیش هەر دەبێ روو لەو بکەینەوە.

فیساگورس، هەر تەنیا فەیلەسوف نەبوو. ئەو جگە لەمە، بەختەوەر بوو کە رۆڵگەلێکی وەك: رێبەری ئایینی، ماتماتیکزان، عارف، راوێژکاری



سیستەمی خواردەمەنیش لە کەسێتی خۆیدا کۆ بکاتەوە. دەکرا کە ئەم شاکارە دژوارە فکرییە، کاریگەریی پایداری خۆی لەسەر هزرە فەلسەفیەکانی ئەفلاتوون دابنێت.

فیساگورس لە سالآنی (٥٨٠)ی پێش زایین دا، لە دورگەی ساموس، لە دایك بوو، بەڵام بەهۆی ستەمی ناوچەیی، هەڵات و قوتابخانەی ئایینی و فەلسەفی و ماتماتیکی و پارێزکاری خۆی لە دوڕگەی کروتونی، ژێر دەستەی یۆنانی لە باشووری ئیتالیا، دامەزراند لەوێ زنجیرەیەکی دوورو درێژی لە یاساکان بۆ قوتابیان و موریدەکان و عارفەکان و خۆراك ناسەکانی دەرکرد. ئەوان لە پاڵ یاساخکراوەکانی تردا بە ڕاشکاوی قەدەغە کرابوون لە خواردنی لۆبیا یان دڵ، و بەرلە هەمووان دەست بۆ نان ببەن یان بهێڵن پەرەسیلکەکان لە سەقفی خانووەکانیان هێلانە دروست بکەن. هەروەها، لە هیچ دۆخێکدا، نەدەبوو هیچکامیان گۆشتی سەگی خۆی بخوات. بە گوتەی ئەرەستوو، هەروەها فیساگورس ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا کە موعجزەگەلێك بخولقێنێ، هەرچەند بە پێچەوانەی هەموو جارێ، ئەرەستوو وردەکارییەك لەسەر ئەوان نادا بە دەستەوە. بەڕای برتراند راسڵ، فیساگورس تێکەڵێك لە ئەنەیشتین و خاتوو ئێدی (کە دامەزرێنەری کەنیسەی زانستی مەسیحی)[1] بوو.

بەداخەوە کە زەنجیرەی گەورەی ئەو دەسەڵاتانەی کە فیساگورس لەبەردەستیدابوو، نەیتوانی هاوولاتیە کروتونیەکان بخاتە ژێر کاریگەری

١- یەکێکە لە لقە مەسیحیەکان کە لایەنگیرەکانی لەسەر ئەم رایەن دوعا و پاڕانــەوە بە تەنیایی، نەخۆشیەکان دەرمان دەکات. وەرگێڕ.

خۆیەوە. لە ئەنجامدا (ئەوان) لە هەموو ئەم فێرکردنانە ماندوو بوون و فیساگورس ناچار بوو جارێکی تر، ڕێگای هەڵاتن هەڵبژێرێ، ئەو لە شاری متاپۆنتۆ (متاپۆنتیۆن/ متاپۆنتۆم) نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ، لە ساڵانی (٥٠٠)ی پێش زایین، ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

فێرکردنەکانی فیساگورس لە ماوەی سەد ساڵ دا، لە لوتکەی شکۆمەندی و ڕەواج دا بوون و بەدەستی موریدە عارفەکان و ماتماتیکزانەکانی، لەسەراسەری ئیتالیا و یۆنان، بڵاوبوونەوە. بەم جۆرە، ئەفلاتوون ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخسا لەگەڵ فیساگورسدا ئاشنا ببێت.

فیساگورسیش، وەك سوكرات، لایەنی میانڕەویی گرتەبەر و هیچ نووسراوێکی بەجێ نەهێشت. فێرکردنەکانی، تەنیا لە ڕێگای قوتابیەکانییەوە گەیشتووەتە دەستی ئێمە. ئێستا بۆمان روون بووە کە قوتابیانی فیساگورس، هۆکار و دامەزرێنەری بەشێکی گەورەن لە جلی چل پارچەی هزر، داب و نەریت، ماتماتیك، فەلسەفە و ئەندێشە سەرسووڕهێنەرکان کە ئەمڕۆکە لەژێر ناوی (قوتابخانەی فیساگورس)دا دەیانناسین. لە راستیدا، یاسا بەناوبانگەکەی فیساگورس لەسەر ڕەگی ژێ، نزیك لە یەقینەوە، بەدەستی خۆدی فیثاگورس نەدۆزراوەتەوە.

(ئەم قسەیە واتای ئەوەیە کە خودی فیساگورسیش لە یاسای فیساگورس تێ ناگات، ئەم بابەتە هیوا بەخشە بۆ ئەو کەسانەی کە ماتماتیکزان نین).

ئەفلاتوون بە قووڵییەوە کەوتە ژێر کاریگەریی، گوتە بەناوبانگەکەی فیساگورس کە دەڵێ: ((هەموو شتێك ژمارەیە)). ئەم گوتەیە، کلیلی هزری فەلسەفین فیساگورسە، هەتا ئەو رادەیە کە کاریگەر بوو، قووڵیش



بوو. فیساگورس لەسەر ئەو ڕایە بوو کە لە دەوروبەری جیهانی نادیاری هێماکان، جیهانێکی تر، واتە جیهانی ئەبستراکتیکی و هەماهەنگ لەگەڵ ژمارەکان هەیە. لە راستیدا، وێنای ژمارە بەلای ئەو و لەگەڵ ئەو شتەی کە ئێمە ناوی لێ دەنێین فۆرم، نزیکترە. بەڕای فیساگورس شتە مادییەکان لە مادە دروست نەکراون (یان پێك نەهاتوون)، بەڵکو بەشی کۆتاییان بریتییە لە فۆرم (وێنە و سیما) و ئەم شتانە لە فۆرم و وێنەگەلێك بەدی هاتوون. جیهانی نمونەیی ژمارە (یان وێنە) پڕە لە هەماهەنگی و واقیعیترە لەو جیهانەی کە بە واقیعی (راست) دەژمێردرێت. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هارمۆنیای مۆسیقا، بەرهەمی فیساگورس یان فیساگورسیەکان بوو. لەژێر رووناکی ئەم دۆزینەوەیەدا، تیۆری فیساگورس لەبارەی وێنە (یان ژمارە) ئەوەندەش دوور لە واقیع نییە، هەروەکو لەژێر سایەی فیزیا، دیاردەکانی ناو گەردیلەکان، لە جیاتی پشتبەستن بە پێناسە جەوهەرییەکان، روو لە ژمارەو تایبەتمەندیە پەیوەندراەکان بە وێنە و روخسار دەکەن، تیۆرییەکی وەها، ئەوەندەش لە واقیع دوور نییە.

ئەم جۆرە هزرە ناجەوهەرییە، یەکێك بوو لە تایبەتمەندیەکانی باوی بیرکردنەوەی قۆناغی پێش — سوکراتی، بۆ نمونە، هراکلیتوس، شوێنکەوتووی (دەروێشی) فیساگورس (؟)، لەسەر ئەو ڕایە بوو کە هەموو شتێك لە ئاڵوگۆڕێکی بەردەوام دایە. ڕایگەیاند کە: ((هیچ کەس دووجار پێ لە رووبارێك نانێ)). لەگەڵ هەموو ئەمانە، سەمەرە لێرە دایە کە ئەم قسەیە رودانی هزری دیموکریتوس، فەیلەسوفێکی تر لە فەیلەسوفەکانی پێش — سوکرات، ڕادەگەیەنێ، پێشاندەری دووربوونەوەی لە هزری (( فۆرمی تەواوە)). دیموکریتوس جەختی لەسەر ئەو ڕایە

دەکردەوە کە جیهان لە گەردیلەکان (Atoms) پێکهاتووە. لەراستیدا ئەو، پتر لە دوو هەزار ساڵ بەر لەوەی کە زانایانی ئەمڕۆ، بڕیاربدەن کە: رەنگە قسەکەی راست بێ، بەم ئەنجامە گەیشتووە. هەروەها فەیلەسوفەکان تا هەمان ڕادە کاتیان تێپەڕاند تا بە ئەنجامێك بگەن کە، کۆسنوفانسی ئیونیایی، فەیلەسوفی بەر لە سوکرات پێگەیشتبوو. ئەو بەڕاشکاوییەوە رایگەیاند کە: هیچ کەس راستی لەبارەی خواوەندەکان و هەر شتێکی تر نازانێ و هەرگیزیش تێناگات، چونکە ئەگەر هاتوو بەزانینی بەختەوەر بێت و بە تەواوی راستی (حەقیقەت) بە زمان بێنێ، خۆی لێ بێخەبەر دەبێ، ئەم قسەیە، بە شێوەیەکی نامۆیانە، لە بۆچوونەکانی ڤینگن ئشتاین دەچێ کە لە سەدەی بیستمدا، دەری بڕیبوو.

ئەمەی سەرەوە ئەو نەریتە فەلسەفە دەوڵەمەندو هەمە جۆرە بوو کە ئەفلاتوون تیایدا پەروەردە بوو.



## ژیان و بەرهەمەکانی ئەفلاتوون

ئەفلاتوون زۆرانبازێکی ناودار بوو و ئەو ناوەی کە ئەمڕۆ بەهۆیەوە دەیناسین، نازناوێکە کە لە گۆڕەپانی پێشبڕکێ پێی بەخشراوە. وشەی ئەفلاتوون بەواتای پان یان ساف، یان شتێك لەم بابەتەیە، ڕەنگە لەم بارەیەدا، واتای یەکەم بەرچاو بووبێت کە ئاماژەیە بە چوار شانە بوونی ئەفلاتوون (یان لەسەر بنەمای هەندێك لە سەرچاوەکان، مەبەست نێوچاوانی ئەفلاتوون بووە).
ئەفلاتوون کاتی لە دایك بوونی لە ساڵی (٤٢٨)ی پێش زایین، ناوی ئاریستۆکۆلسی لێ نرابوو. لە ئەسینا یان دورگەی ئەگینا، لە دوانزە میلی[1] کەناری ئەسینا لە کەنداوی سارۆنیك، چاوی بە جیهان شاد بوو. ئەفلاتوون لە خێزانێکی گەورەی سیاسەتبازی ئەسینایی، لەدایك بووە. باوکی ئاریستۆن لە بنەماڵەی کدرۆس، دوایین پاشای ئەسینا، و دایکی لە نەوەکانی سۆلۆنی یاسادانەری مەزنی ئەسینایی بووە.

وەکو هەموو ئەو کەسانە کە ئەندامی زیرەکی خێزانێکی سیاسەت بازن، یەکەمین حەزکردنەوە لە پلەو پایەو بەرزەفڕییەکانی ئەفلاتوون، لە بوارەکانی تر (جگە لە سیاسەت) ئاشکرا بوو. دووجار لە ((یاریەکانی تەنگە))[2] خەڵاتی زۆرانبازی بەدەست هێنا، بەڵام وا دیار بوو کە هەرگیز لە یارییەکانی ئۆلەمپیك لە ئۆلەمپیا، خەڵاتی بەدەست نەهێناوە. لە جیاتی ئەفلاتوون

(1) میل Mile. هەر میل بەرامبەرە بە ١٦٠٩,٣٥ مەتر. وەرگێڕ.

(2) ئەو پێشبڕکێیانە کە لە تەنگەی کۆرنیتی یۆنان بەرپا دەبوو. وەرگێڕ.

هەولێدا کە شاعیرێکی گەورەی تراژێدی نووس بێت، بەڵام نەیتوانی لە هیچ پێشبڕکێیەکی گرنگ سەرنجی لیژنەی داوەرەکان، بۆ خۆی رابکێشێ. لەدوای ناکام بوون لە بەدەست هێنانی نیشانی (میدالیای) زێڕینی پێشبڕکێ ئۆلەمپیەکان، یان بەدەست هێنانی خەلاتێك لە یۆنانی کۆندا کە هاورێزی خەلاتی نۆبلێ ( لە دنیای ئەمڕۆدا) بوو وردە وردە قەبوولی کرد کە تەنیا ببێتە پیاوی دەولەت. دواتر بۆ کۆتایی هێنان بە رابواردنی لە تەمەنی گەنجایەتی ویستی بەختی خۆی لە فەلسەفەدا تاقی بکاتەوە، و بەڕێ کەوت هەتا گوێ لە قسەکانی سوکرات بگرێت.

ئەفلاتوون لە هەمان دیداری یەکەم، شەیدای سوکرات بوو. لەو کاتە هەتا نۆ ساڵ، گوێگری قسەکانی مامۆستای خۆی بوو و هەتا ئەو جێیەی کە لە توانایدا بوو، هزرەکانی یان ڕاوبۆچوونەکانی سوکراتی لەبەر دەکرد. شێوەکانی فێرکردنی سوکرات، کە تایبەتمەندیەکی شەڕاوی پێوە دیار بوو، وای لە قوتابییەکەی کرد کە شارەزای تەواوی توانا عەقلیەکانی خۆی بێ، و لە هەمان کاتدا، چاوەکانی لەڕووی توانا نەدۆزراوەکانی بابەتەکە کە (فەلسەفە) کردەوە.

شێوەی فێرکردنی سوکرات لەسەر بنەمای موحادسەو گفتوگۆکردن بوو، شێوەیەك کە ئەو بابەتانەی توێژینەوەی لەسەر دەکرا، پەیتا پەیتا پێناسە و شی دەکرایەوە. ئەم شێوەیە بە دیالێکت[1] بەناوبانگ بوو کە لە زمانی کۆنی یۆنانەوە بە واتای توێژینەوە یان دەمە دەمێ، وەرگیراوە (دیالێکتیش (بە واتای لەهجە و زمان) لە هەمان سەرچاوەیە). سوکرات هانی بەرامبەرەکەی

(1) dialect.



(یان قوتابییەکەی) خۆی لە گفتوگۆکردن دا دەدا کە پێناسەیەك لە بابەتێکی تایبەتی، بە دەستەوە بدات، ئەو کاتە دەستی بەرەخنەگرتن لەو پێناسەی دەکرد: کەم و کورتی ئەو پێناسەیەی دەستنیشان دەکرد. خاڵە ئیجابیەکانی دیاری دەکرد. پێشنیاری زێدەکردن و راستکردن و چاکسازیی دەکرد و گۆڕەپانی بابەتەکەی بەرفراوانتر دەکردەوەو کارگەلێکی تری لەم جۆرە .

بە خەیاڵ هێنانی سروشتی لە رادەبەدەر و تازەو بەدیعی ئەم شێوەیە، کە بە قوولی پشتی بە عەقڵەوە بەستوو بوو، بۆ ئێمە کارێکی دژوارە. فەلسەفەی بەر لە سوکرات، یان هیچ پەیوەندیەکی بە عەقڵەوە نەبوو یان پەیوەندیەکەی کز بوو. فەیلەسوفانی پێش سوکرات بەگشتی مەیلیان زۆرتر بۆ بابەتگەلێکی وەك (بوون)، جەوهەری میتافیزیکی هەموو زیندەوەران، یان سروشتی بنەڕەتی خودی جیهان (لەگەڵ بیرکردنەوەی لەبارەی جیهان، کە دەیتوانی لە ئاو یان گەرد پێکهاتبێ) هەبوو. هەندێك لەم دۆزینەوە یان بەدەست هێنانە دەروونییە ئاڵۆزە بلاوانە، بە سەرنجدان بەو شێوازەی کە ئەوان بەکاریان دەهێنا، بەشێوەیەکی نامۆیانە راست (دروست) بوون.

بەڵام سوکرات هەستی بەوەکرد کە ناتوانێت لەم رێگەیەدا بەرەو پێشەوە بڕوات. فەیلەسوفانی بەر لەمە، گاڵتەجاڕی خەڵك بوون، بەڵام هیچ هۆیەك نەبوو کە خۆدی فەلسەفەیش تا ئەم رادەیە ئاستی نزم ببێتەوە. ئەگەر بڕیار وابوو کە رێگە لە گۆڕانی هزری فەلسەفی بۆ گاڵتەیەکی عەقڵی یان دیسان شۆڕ بوونەوە لە بیرکردنەوەی ئایینی (کە لەو سەری هەڵدابوو) رابگیرابا، پێویستی بە تێڕوانینێکی وردتر بوو. شێوازی دیالکتیکی سوکرات، وەلامدەری ئەم پێداویستیە بوو. ئێستا لەژێر سایەی پتر لە دوو هەزار ساڵ، بە

گەڕانەوەمان بۆ رابردوو و دوبارە بیرکردنەوە، دەتوانین ئەم شێوەیە بە پێشەنگی لۆژێك (منطق) بزانین، کە ئەرەستووی قوتابی ئەفلاتوون، نزیك لە یەك سەدە دواتر، بونیادی دانا.

دەسکەوتی سوکرات و تێگەیشتنی قوتابییەکەی (ئەفلاتوون) لەم شێوازە پێشاندەری قۆناغێکی چارەنووسساز بوو لە وەرچەرخانی فەلسەفەدا. بۆ باش تێگەیشتنی ئەم پێشکەوتنە، پێویستە کە تەنیا تویژینەوەیەکی جدی عەقڵ بەرچاو بێنین کە تێیدا شیتەڵکاری و بەڵگەهێنانەوە، هیچ شوێنێکی نەبێ.

ئەفلاتوون هەرچەند پیشەی راستەقینەی خۆی دۆزی بوویەوە، بەڵام دیسانەوە وەسوەسە بوو لە پرۆسەیەکی بەرەو دوواچوون، بگەرێتەوە رابردووی پڕ لە ناکامی خۆی و بڕواتە نێو دنیای سیاسەتەوە.

خۆشبەختانە هەڵسوکەوتی دەسەلاّتدارانی ئەسینایی، ئەویان لەم بڕیارەی پەشیمان کردەوە.

لە دوای شەڕی پلۆیۆنزی کاتێك کە سی کەسی غەدار، دەسەلاّتیان بەدەستەوە گرت دوو کەس لە رێبەرەکانیان (کریتیاس و خارمیدۆس) لە خزمە نزیکەکانی ئەفلاتوون بوون. ئەو حکومەتە مەترسیدارەی کە لە دوای دەسەلاّت بەدەست گرتنیانەوە بەدی هات، دەیتوانی ستالین یان ماکیاڤێلیەکی لاو، ماکیاڤیلیەکی پەروەردە بکات. بەم حاڵەشەوە ئەفلاتوون نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەم دۆخەوە. دوایی کە دیموکراتەکان دەسەلاّتیان گرتە دەست، مامۆستای خۆشەویستی ئەفلاتوون (سوکرات) بە تۆمەتی دروست کراوی بێدینی و بۆگەنکردنی مێشکی لاوان، دادگایی کراو حوکمی مەرگی بۆ



دەرکرا. لە دوای ئەم رووداوە دیموکراسییەت لە روانگەی ئەفلاتوونەوە تووشی هەمان کەم و کورتی و هەڵانەهات بوو کە لە حکومەتی چەوسێنەردا هەبوو.

پەیوەندی نزیکی ئەفلاتوون لەگەڵ سوکرات ئەوی خستە دۆخێکی مەترسیدارەوە و ئەفلاتوون بەناچاری بەرژەوەندی خۆی لەمەدا بینی کە لە ئەسینا نەمێنێت. بەم جۆرە سەفەرەکانی ئەفلاتوون دەستی پێ کرد کە دوازدە ساڵی خایاند. ئەو لەدوای ئەوەی کە هەرچی لە توانای دا هەبوو، لە مامۆستاکەی فێر ببوو، ئێستا لە جیهاندا، فێری زانست دەبوو. بەڵام لەو رۆژگارەدا جیهان ئەوەندە فراوان نەبوو و ئەفلاتوون لە قۆناغی یەکەمی دوورخستنەوەی خۆی، لەگەڵ هاوڕێیەکەی ئەقلیدۆس (مگارایی) تەنیا بیست مایل دوورتر، لە مگارا، ناوچەی دراوسێی ئەسینا خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە بوو. (ئەم ئەقلیدۆسە، هەمان ئەقلیدۆسی هەندەسەزان و بەناوبانگ نەبوو، بەڵکو لە قوتابییە کۆنەکانی سوکرات بوو کە بەهۆی دیالکتێکی وردبینانەی خۆی، ناوبانگێکی بەدەست هێنابوو. ئەقلیدۆس هەتا ئەو رادەیە ئەفلاتوونی خۆش دەویست کە بە جلوبەرگ و ڕواڵەتی ژنانەوە چوبووە هەرێمی ئەسینا — کە لەو سەردەمەدا ئەسینا لەگەڵ مگارا دژایەتی هەبوو- تا لە مەرگی مامۆستاکەی ئامادەبێ.

ئەفلاتوون بۆ ماوەی سێ ساڵ ( لەگەڵ ئەقلیدۆس)دا لە مگارا مایەوەو دواتر بەرەو کۆرنێ لە باکووری ئەفریقا بەرێکەوت تا لەگەڵ تێئۆدروسی ماتماتیکزان، خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە بێت. پاش ئەوە وادەردەکەوێت کە ئەفلاتۆن سەفەرێکی بۆ میسر کردبێت.

بەپێی ڕەوایەتێکی کۆن، لەم کاتەدا حەزی کرد لەگەڵ هەندێك لە پێشەوا ئایینیەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا دیدار بکات و سەفەری خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات لە شوێنێکی دوورەوە واتا لە کەنارەکانی ڕووباری گەنگ، کۆتایی پێ بێنێت، بەڵام ئەوە دوورە لە واقیع کە ئەم چیرۆکە ڕاست بێت.

ڕەنگە ئەفلاتوون لە کاتی مانەوەی لە مگارا یان لە پشوودانی نێوان سەفەرەکانی، یەکەمین بەرهەمەکانی کە ئێستا لەبەردەستمانە، نووسی بێت. ئەم بەرهەمانە بەشێوەی گفتوگۆ نووسراو و کاریگەریی زۆر لە کەسێتی و هزرەکانی سوکراتی پێوە دیارە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتوون بە تەواوی نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری سوکراتەوە، ئەم گفتوگۆیانە، خولقاوی مێشکێکی هزرمەندن کە گەیشتۆتە ئەوپەری لوتکەکانی کەماڵ و جگە لە فەلسەفە لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتیش، بە بەرهەم گەلێکی مەزن و گرنگ لە قەڵەم دەدرێن. لە زۆربەی ئەم گفتوگۆیانەدا، سوکرات لەجیاتی کەسێتی سەرەکی بەدەردەکەوێت و هزرەکانی خۆی دەهێنێتە کایەوە. ئەو لە سیمای کەسێك کە بەرامبەرەکانی خۆی تووڕە دەکرد، مرۆڤێکی خاوەن توانا. بەڵام لە کۆتاییدا خۆشەویست و پێکهاتوویەکی ئاڵۆز لە قەشمەرو قدیسێك، بەدەر دەکەوێت و لەم ڕێگایە کاریگەرییەکی تایبەتی دەبێت.

بەلای کەمەوە، سێ خاڵ لە یەکەم گفتوگۆکانی ئەفلاتوون — بەرگری، کریتۆن و ئۆتیفرۆن- لەگەڵ گفتوگۆی فایدۆن، کە بە بەرهەمەکانی دواتری ئەفلاتوون لە قەڵەم دەدرێت، تایبەت کراوە بە دادگایی کردن، ڕۆژەکانی زیندان و لە ئەنجام مەرگی سوکراتە، ئەم ڕووداوانە، کاریگەریەکی قووڵی



لەسەر گیان و ڕۆحی ئەفلاتووندا هەبوو و ئەو وێنەیە کە ئەفلاتوون دەیخاتە بەردەستەوە، بە هاوڕێزی هاملێت و دۆزەخی دانتێ دادەنرێت لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا.

بەرگری ( دفاعیە) دادگایی کردنی سوکرات و بەرگری کردنی فەیلەسوفی حەفتا ساڵە لە خۆی لە بەرامبەر خەڵکی ئەسینامان بۆ باس دەکات. قسەکانی سوکرات، بەبێ زیادەڕۆی، وەك بەرگرییەکی یاساییانە، یان تەنانەت شیاوی پەسەندکردن، قەبووڵ ناکرێت. سوکرات ئەو تۆمەتانەی بە چاوێکی سووك کە شایانیان بوو مامەڵەی لەگەڵ کردن و بەرەو بابەت گەلێکی سەرنج ڕاکێشتر چوو، وەکو ئەم بابەتە کە بۆ ئەو بە زانا لە قەڵەم درابوو، ئەو وای دەگوت کە ژیانی تەنیا لە دەوری مەیدانی ئەرك یان وەزیفەیەك دەسوڕێتەوە کە سرووشی پەرەستگای (دلفی) کە سوکراتی بە زاناترین مرۆڤی دنیا زانیبوو پێ ڕاگەیاندبوو. سوکرات سەرەتا لە گوتەکەی سرووشی پەرەستگای ((دلفی)) دوو دڵ بوو، چونکە ئەو هیچی نەدەزانی (ئیدعایەکی نمونەیی سوکراتی). لەسەر ئەم بنەمایە دەستی پێکرد بوو بە پرسیارکردن لەو کەسانەی کە بە زانا ناسراو بوون و تێگەیشتووبوو کە لە ڕاستیدا ئەوانیش هیچ نازانن. ئەمە نموونەیەکی کلاسیکیە لە شێوازی دیالکتێك: بەکارهێنانی فەلسەفە بۆ گۆڕینی هزری زەمانە بۆ کۆمەیەکی وێرانە. ئەم شێوازە، لێکچوونێکی سەیری هەیە لەگەڵ شیکردنەوەی زمانیی ڤینگن ئێشتاین لە فەلسەفەی مۆدیرندا. لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە سوکرات فێری دەکرد، زۆرتر شێوەیەکی فەلسەفی — واتا هزری ڕووناك و ڕوون- بوو هەتا جۆرێك لە فەلسەفە.

ئەو ئەم شێوەیەی بە کەرەستەیەك بۆ بەدەست هێنانی حەقیقەت (ڕاستی) نەدەزانی، بەڵکو جگە لەمە، بەچاوی ڕێگایەك بۆ کرداری باش تەماشای دەکرد. بە دڵنیاییەوە سوکرات لەگەڵ ئەم ئیدعایەی سەدەی سیستەمی ڤینگن ئێشتاین هاودەنگ بوو کە ((فەلسەفە نەك تیۆری، بەڵکو چالاکییە)) ئەم جۆرە ڕوانگەیە، بۆشاییەکی سەرەکی لە دڵی هزری فەلسەفی، دروست دەکات. چارەنووس وابوو کە ئەفلاتوون لە دوای سوکرات ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ لە سەفەرەکانی، ئەفلاتوون گەیشتە سیسیل و لەوێ چووە گڕکانی کێوی ئەتنا و لە نزیکەوە ئەم گڕکانەی بینی.

ئەم گڕکانە یەکێك بوو لە ناوچە گەشتیاریە سەرنج ڕاکێشانی ئەو سەردەمە، کە تەنیا دیاردەیەکی جوگرافی نەبوو، جەماوەر لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە گڕکانی ئەتنا لێکچوونێکی هەیە لەگەڵ جیهانی خوارووی یان دنیای مردووەکان و لەسەر ئەم بنەمایەدا بینینی ئەم گڕکانە، وێنەیەکی جوانی تەعلیمی لە بارودۆخی ژیانی ئەو دنیایەمان دەداتێ. زاری گڕکانەکە بۆ ئەفلاتوون تەنانەت لەمەش سەرنج ڕاکێشتر بوو ئەویش لەبەر پەیوەندی گڕکانەکە لەگەڵ ئەمپیدوکۆلس، فەیلەسوف و شاعیری سەدەی پێنجی پێش زایین بوو. ئەمپیدوکۆلس کە خاوەنی تواناییەکی عەقڵی فراوان بوو لە ئەنجامدا، دڵنیا ببوو کە لە خواوەندەکانە و بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕەی، خۆی لە نێوان ئاگری کوشندەی زاری ئەم گڕکانە (ئەتنا) فڕێ دابوو.

لەمە گرنگتر، ئەفلاتوون لەوێ لەگەڵ لایەنگرانی فیساگورسیش- کە لە سەرانسەری ناوچە ژێردەستەکانی یۆنانی سیسیل و باشووری ئیتالیا سەری



هەڵدابوو- پەیوەندیەکی دروست کرد. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەو هارمۆنیای مۆسیقا، بەدەستی فیساگورس، ئەفلاتوونی بەرەو ئەم بیروڕایە ڕێنمایی کرد کە کلیلی تێگەیشتنی جیهان بەهۆی ژمارەوەیە. دەتوانرێت هەموو شتێك بەگوێرەی ژمارە لە هەرێمێکی ئەبستراکتی (رووت) لە مادە، جیاواز لە جیهانی ڕۆژانەمان شوێنی هەیە، ڕوون بکرێتەوە. ئەم تیۆرییە کاریگەریەکی قووڵی لەسەر ئەفلاتوون بەجێهێشت، هەتا ئەو ڕادەیە کە باوەڕی هێنا کە واقعیەتی (ڕاستی) بنەڕەتی، مۆجەرەدە (پاکە) لە مادە. ئەو شتەی کە لە سەرەتاوە بەشێوەی ژمارە لەلای فیساگورس خۆی دەرخست، لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا بە شێوەی وێنە ((مثُل)) یان ئایدیای پاك دەرکەوت.

بنچینە و بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون، تیۆری ئایدیاکانی (یان وێنەکانی)یەتی کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا وازی لە پەرەپێدانی نەهێنا. ئەمە بەم واتایەیە کە تیۆری ئەفلاتوون بە چەندین ریوایەت گەیشتۆتە دەستی ئێمە، و بەم جۆرە کەرەستەی پێویستی بۆ توێژینەوەو لەسەر بابەتانە، لەبەر دەستی فەیلەسوفانی سەدەی دواتری خۆی داناوە. (هیچ تیۆرییەکی فەلسەفی ناتوانێ ئومێدی بە مانەوەی خۆی هەبێت، مەگەر بەم مەرجە کە شوینێك بۆ توێژینەوەو دەمەتەقێ لەم بارەیەوە، کە شێوازی چۆنیەتی تەفسیر و شیکردنەوەی لەگەڵدا هەبێت).

باشترین ڕوون کردنەوەی تیۆری ئەفلاتوون، ڕوونکردنەوەی خۆیەتی. (ئەم بابەتە لە فەلسەفەدا —هەروەکو لە شوێنگەلێکی تر- هەمیشە بەم جۆرە نییە).

بەداخەوە روون کردنەوەی ئەفلاتوون، لە چوارچێوەی وێنەیەکدا بەرجستە دەبێت کە زۆرتر لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا دەریدەخات هەتا فەلسەفە. ئەفلاتوون بەکورتی روونی دەکاتەوە کە گوایە زۆرتر مرۆڤەکان لە ئەشکەوتێکی تاریکدا دەژین. ئەو دەڵێ کە ئێمە (لەم ئەشکەوتەدا) بەزنجیر بەستراوین و روومان لە دیوارێکی رووتە و لە پشتی سەرمان ئاگرێك هەڵگیرساوە. هەموو ئەو شتانەی کە دەیبینن، سێبەرگەلێکی جووڵاون، کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەردەکەون و ئێمە وا دەزانین ئەم سێبەرانە حەقیقەتن (راستین). تەنیا لەو کاتەدا کە فێر بین پشت لە دیوارو سێبەرەکان بکەین و لە ئەشکەوتەکە رابکەین، دەتوانین هیواداربین کە رووناکی راستەقینەی واقعییەت (یان حەقیقەت) ببینین. بەزمانێکی فەلسەفی تر، ئەفلاتوون لەسەر ئەم باوەرە بوو کە هەر شتێك کە لە ئەزمونە رۆژانەکانمان و لە دەوروبەری خۆماندا، دەرکی پێدەکەین — پیاڵەکان، کەشتیەکان مۆمێك کە بۆ مۆرو موم کردن بەکار دێت، و مرۆڤی بێ بۆن و بێ کەڵکەکان و پاشاکان بەتەواوی وێنەیەکی دەرەکین (نەك بوون). واقعییەتە ڕاستەقینەکان، دنیای ئایدیالەکان یان وێنەکانە کە سەرچاوەی ئەم شتە دەرەکیانەن. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە ئەسپێکی رەشی تایبەتی، نمای خۆی لە ئایدیا یان نمونەی گشتی ئەسپ و نمونەی رەشی وەرگرتووە. جیهانی مادی -کە ئێمە بە یارمەتی هەستەکانی خۆمان هەستیان پێ دەکەین- بە بەردەوامی لە گۆڕان دایە. لە جیاتی ئەمە، هەرێمی گشتی ئایدیاکان کە عەقڵ دەرکی پێ دەکات، نەگۆڕە. هەر ئایدیایەك یان نمونەیەك — وەك ئایدیای خڕبوونی گۆی زەوی، مرۆڤ، رەنگ، جوانی و وەك ئەم نمونانە- وەکو سەرمەشقێك (نمونەیەك)



لە شتە وردەکانی جیهانە. بەڵام شتە وردەکان بە تەواوی کەم و کورتیان تێدایە و کۆپییەك لە بە بەردەوام گۆڕانی ئەم ئایدیا گشتیانەن. ئێمە دەتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە بەشی عەقلانی رۆح، روانگەی خۆمان لەم نمونە گشتیانە بپاڵێوین و هێدی هێدی بگەینە دەرکێکی باشتر لەو نمونانە. بەم جۆرە ئەو توانایییەمان دەبێ کە بەواقعییەت یان حەقیقەتی بنەرەتی رووناکی رۆژ، کە لەو دیوی ئەشکەوتی تاریکی جیهانی رۆژانەی ئێمەوەیە نزیك بینەوە.

قەڵەمڕەوی ئایدیا گشتیەکان، خاوەنی زنجیرەیەکی پلەدارە کە لە وێنە بچوکەکان و (لە ئاستی نزمە) دەست پێ دەکات و بە تاکە ئایدیاکانی بەرزتر (لە ئاستی بەرز) — کە لە سەروی هەموویان ئایدیای چاکەیە- کۆتایی پێدێت. کاتێك کە فێربین، پشت لە جیهانی بەردەوام لە گۆڕانی وردەکان بکەین و سەرنجی خۆمان بەرەو حەقیقەتی (راستی) نەگۆڕی ئایدیاکان رابکێشین، دەرکی ئێمە دەتوانێ پەیتا پەیتا لە زنجیرە پلەی ئایدیاکان بەسەر بکەوێ، هەتا بە بەرزترین پلەی دەرك کردن واتا دەرك کردنی عیرفانی ئایدیا جوانەکان، حەقیقەت و لە کۆتاییدا ئایدیای چاکە، بگات. ئەم بابەتە ئێمە بەرەو فەلسەفەی ئەخلاقی ئەفلاتوون رێنمایی دەکات بە سەرنجدانی جیهانی وردەکان، هەموو ئەوشتانەی کە دەتوانین ببنین، چاکەی دەرەکییە. تەنیا بە یارمەتی عەقڵە کە دەتوانین بە تێڕامانێك دەربارەی ئایدیای گشتی چاکە -کە ئاستێکی بەرزتری هەیە- بەدەست بێنین. لێرەدا، ئەفلاتوون ئەخلاقێك لەسەر بنەمای رووناکبینی رۆحانی رادەگەیەنێ، نەك هیچ جۆرە ئوسولێکی هەڵسوکەوتی تایبەتی. سەرەڕای ئەمەش، تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتوون بەهۆی

، ڕەخنەی لێی [1]بێبەش بوونی لە (تایبەتمەندی) کارەکی بوون یان کردارەکی گیراوە. گوتراوە کە بە پشتبەستن بەقسەکانی خودی ئەفلاتوون، هەموو ئەو شتانەی وەسفیان دەکا، تەنیا ئایدیای جیهانە خودی جیهان. کەسانێکی تر، وا دەڵێن کە جیهانی ئایدیاکانی ئەفلاتوون، تەنیا شتێکی زیهنییە، و پەیوەندیەکی کەمی هەیە لەگەڵ جیهانێك کە ئەم ئایدیانە بەرهەمی ئەون. لە لایەکی ترەوە سروشتی لە بنەڕەت بەرزی یان میتاسروشتی فەلسەفە، توانای ئەوەی هەبوو کە زۆربەی ئەندێشەکانی، دواتر لە لایەنی مەسیحییەت پەسەند بکرێت.

بۆ نموونە، تیۆری ئەفلاتوون لەسەر بەدیهاتنی جیهان، بە ئاسانی لەگەڵ ریوایەتی ئافەرینش لە روانگەی جولەکە - مەسیحی هاوسەنگ و گونجاو دەردەچێ. بەگوتەی ئەفلاتوون، ((باوك و ئافەریدەگار، ئافەریدەیەکی زیندوو جولاو، بەشێوەی خواوەندەکانی نەمر (جاویدان) دروست کرد. کاتێك (ئەو) ئەم ئافەریدەیەی تەماشا کرد، پڕ بوو لە خۆشی و هەوڵی دا کە تەنانەت لە ئەسڵەکەی زۆرتر نزیکی بکاتەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەسلی (یان نموونەی) ئەم ئافەریدەیە نەمر بوو، هەوڵیدا هەتا ئەو رادەیە کە دەکرێ، جیهانیش (نەمرانە) بکات. بەم جۆرە وێنەیەکی جولاوی لە نەمریی خولقاند. ئەو کاتەی کە ئاسمانی هەڵواسی ئەم وێنەیەی نەمر بەلاّم جوولاّو لەگەڵ ژمارەدا یەکسان دروست کرد و ئەمە جیاوازە لەگەڵ نەمریەك کە یەکتاو ناجوولاّوە. ئەم وێنە جوولاّوە، شتێکە کە ئێمە زەمەنی پێ دەڵێین)).

(1) Practicality.



ئەو چەمکە کە لەم پارچە نووسراوە بەدەست دێت، هەتا رادەیەك بە زایەڵەیەکی ئەبستراکتی لە سەفەری پەیدایشی (پەیدابوونی) تەورات دەچێ (کە نزیکەی هەشت سەد ساڵ بەر لە چەمکی فیساگورسیی کە لەم پارچە نووسراوە سەرچاوەی گرتووە، نووسرابوو). لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتوون ئەو روونکردنەوەیەی کە لەسەر زەمەن نیشان دەدات — وێنەیەکی جولاو لە نەمری- بەرزتر لە روونکردنەوەیەکی ئایینی قووڵ (و زیاتر لە روونکردنەوەیەکی بێرادە جوان)ە. ئەم روونکردنەوەیە، تیۆرییەکی فەلسەفی پڕ لە واتایە. روونکردنەوەی ئەفلاتوون لە زەمەن، بەشێوەیەکی شیاوی پەسەندکردن، دنیای ژمارە وردەکانی -کە ئێمە تێیدا دەژین- لەگەڵ یەکگرتنی نەگۆڕی جیهانی ئایدیاکان پەیوەندار دەکات.

زەمەن هەمیشە یەکێك بووە لە ئاڵۆزترین چەمکەکان کە فەیلەسوفەکان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. سەرەڕای ئەمەش یەکێکە لەو چەمکانەی کە کەمترین سوود و فایدەی هەیە. ئێمە هەموومان زەمەن دەناسین و زەمەن جگە لەو شتەی کە دەربارەی دەڵێین، بەبێ وەستانی بەردەوامە، ئێمە هەموومان وا هەست دەکەین کە دەزانین زەمەن چییە بەلاّم لە رادەبەدەر دژوارە، بە دەستەواژەیەك وەسفی بکەین کە دووپاتکراو (بۆ نموونە: ((زەمەن بریتیە لە بەردەوامی)) یان بەشێوەیەکی بێ واتاو بێ مایە ( بۆ نموونە: زەمەن رووبارێك زاتر نییە کە من بۆ گرتنی ماسی خۆمی لێ دەدەم)) سارو[1]) نەبێ.

(1) شاعیرێکی ئەمریکییە.

ڕوونكردنەوەی ئەفلاتوون (لە بارەی زەمەن) وێنەیەكی شاعیرانەو فەلسەفی پایەبەرز بوو كە نەتەنیا دەقاودەق لەگەڵ تیۆری ئایدیاكانی دەگونجا، بەڵكو سەرەڕای ئەمەش، وەكو بەشێكی بنەڕەتی كە بەشەكانی ئەم تیۆرییەی لەگەڵ یەكەدا پەیوەندارو یەكپارچە دەكرد، بە دەركەوت.

(ئەم ڕوونكردنەوەیە ((ڕەورەوەی ددانداری لە جێ و وردی)) ناو لێ نراوە. كە جووڵەی، تەواوی بەشەكانی وەكو گشتێك پێكرا دەجووڵێنێ)) سەرەڕای ئەمانەش ئەم وێنە مكانیزمی و باریك بینانەیە، لە وردبینی بێ بەهرەیە، چونكە جیهانی ئایدا موجەرەدەكان كاریگەر بە جووڵە و ئاڵوگۆڕ نییە و بەهۆی زەمەنەوە ناجولێت).

لە ڕۆژگاری ئەفلاتوونەوە تاكو ئێستا، كەمتر كەسێك ڕوونكردنەوەكی شیاوی باوەڕكردنی، لەبارەی زەمەن پێشنیار كردووە. حەفت سەدە (لە ڕۆژگاری ئەفلاتوون) تێپەڕی هەتا ئەو كاتەی كە قدیس ئاگۆستین، تیۆرییەكی پێشنیار كرد كە لە هێزو بەرجستەبوون، هەوتای تیۆری ئەفلاتوون بوو. بەڕای ئەو زەمەن تەنیا فۆرمی زیهنی بونیادی یان زیهنی تێڕوانینی ئێمە بەرامبەر بە جیهانە. ئەم تیۆریە، لەڕاستیدا هەمان تیۆری ئەفلاتوونە كە شێوەی دەروونی زێهنی وەرگرتووە. لە ماوەی ئەو پانزە سەدەیەی كە لە ڕۆژگاری قدیس ئاگۆستین تێپەڕبووە، تەنیا ڕوونكردنەوەی كانت، لە بارەی زەمەنەوە، هاوپایەو هاوسەنگی تیۆری قدیس ئاگۆستینە، و ئەم ڕوونكردنەوەیەش تایبەتمەندیەكی زەینی هەیە (بەڵام زۆر ئاشكرایە كە زەمەن وەها نییە). كانت لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم باوەڕە بوو كە زەمەن بەشێكە لە دەزگای دەرك كردنی



ئێمە كە لەم ڕێگایەوە جیهان دەرك دەكەین. (دەزگای دەرك كردنی ئێمە وەكو چاویلكەیەكە كە هیچ كاتێك لە چاوی ناكەینەوە).

سەرەڕای هەمووی ئەمانەش ئەمە ڕوونكردنەوەی ئەفلاتوونە كە بە بەردەوامی، زۆرتر لە هەر تیۆرییەكی تر، لەگەڵ تازەترین تیۆریە زانستیەكان لەبارەی زەمەنەوە ركابەری دەكات. ((ئەو كاتە كە ئەو (ئافەریدەگار) ئاسمانی هەڵواسی ئەم وێنەیەی، نەمر بەڵام جووڵاو، و بەپێی ژمارە دروستی كرد)). بەشێوەیەكی تر، زەمەن و جیهان هاوكات دەستیان پێ كردووە، ئەم وتەیە لەگەڵ تیۆری ((تەقینەوەی گەورە[1])) تەبایە. ئەم تیۆرییە كە دەڵێ/ ئێمە ناتوانین باس لە ((پێش)) تەقینەوەی گەورە بكەین، چونكە لەو كاتەدا زەمەن لە ئارادا نەبووە.

زانست و فەلسەفە ڕێگاگەلێگن بۆ تێڕوانین لە جیهان كە لەبنەڕەتدا لەگەڵ یەك جیاوازن: ئەم دووە بەبێ هیچ پرسیارێك لە یەك جیاوازن. هەر وەكو برناردۆ ماندڤیل دەڵێت: یەكێك لەگەڵ ئەوەی كە هەیە خەریكە و ئەوی تر دەپرسێ كە بۆ وایە. سەرەڕای ئەمەش ئەو كاتەی كە زانست و فەلسەفە لەگەڵ یەك ئاشت دەبنەوە بە بەردەوامی دڵنیاكەرە و كاتێك كە فەلسەفەی باسكرد، هی قۆناغێك لە زانست بێ، كە تێیدا بە تواناترین وێنەی وزەی جووڵاو، (توانای كاركردن) كۆیلەكان بوو تەنیا كارێك دەتوانرێت بكرێت، ئەمەیە كە سەرمان لە بەرامبەری سووڕ بمێنێ.

---

(1) Big Bang. تیۆرییەك كە لەسەر بنەمای ئەو تەقینەوەیەكی گەورە بوو بە هۆكاری بەدیهاتنی جیهان. وەرگێڕ.

ئەفلاتوون کاتێك کە لە سیسیل بوو، لەگەڵ دیۆن برای خێزانی دیۆنۆسیوس — فەرمانڕەوای سیراکوس- برادەرایەتیەکی بەتینی پێکهێنا، دیۆن برادەری تازەی خۆی بۆلای دیۆنۆسیوس برد. لەوانەیە بەم هیوایەی کە بتوانێ ئەرکێکی وەکو فەیلەسوفی نێشتەجێ لە کۆشك دا بۆی بدۆزێتەوە، بەلاّم ئەفلاتوون بەهۆی سەفەرەکانی بۆ ئێرە و ئەوێی جیهان تاڕادەیەکی زۆر وەك ئەسینایییەکی ئەریستۆکراتی مابووەوە و داب و نەریتی تەسك بینانەی کۆشکی سیراکوسی دلّنشین و سەرنج راکێش نەبینی. دیۆنۆسیوس، خاوەن پایەیەکی لەشکەری و فەرمانڕەوایەکی چەوسێنەر بوو کە شانازی بەوە دەکرد کە سەری لە ئەدەبیات باش دەردەچێ و لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە دوو ئەوەندەی هەریەك لە هاوچەرخەکانیەتی. ئەو دوو ژنی بە ناوەکانی دۆریس و ئاریستۆماخ، لە یەك رۆژ هێنا و لە شەوی زەماوەندیدا لەلای هەردووکیان شەوی بەسەربرد.

کاتێك ئەفلاتوون هاتە مەیدان، وا هەست دەکرێ کە دۆخەکە ئارام ببوو. بە سەرنجدان بە وەسفی ئەو، دۆخەکە زۆر خۆشتر لەمە هەست پێ دەکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو (بلّێ کە): ((لە سەلیقە و پەسەندکراوەکانی کۆمەلّگایەکی لایەنگری چێشت لێنانی ئیتالیایی، هیچ شتێکم نەدۆزیەوە کە رازیم بکات، شوێنێك کە لەوێ بەختەوەری بەم شێوەیە واتا دەکرا کە دووجار لە رۆژێکدا تا ئەو رادەیە کە پێت دەخورێ نان بخۆیت و هیچ شەوێك بە تەنێ نەخەوی)).

وا دیار بووکە ئەمانە لە چاوی ئەفلاتوونی چلّ سالاّن زۆر قۆڕو جاڕسکەر بوو، ئەفلاتوونێك کە پێ داگریە ئەسینایییەکەی، بەزوویی بوو بە هۆی تووڕە بوونی دیۆنۆسیوس.



دیۆنۆسیوس لەسەرەتای تەمەنیدا لە ئەرکی سکرتێری لە دەزگای ئیداری دەولّەت دەست بەکار ببوو، بەلاّم هەر لەسەرەتاوە تواناکانی درەوشاوی شیعری تێدا دیار بوو. دواتر پلە لەشکەرییەکانی یەك لە دوای یەك بڕی بوو و لە هەمان کاتدا، چەند تراژێدییەکی هەلّبەستراو بەشێوەی شیعری نووسی کە نرخێکی بێ وێنەی هەبوو.

(بەشێوەیەك کە تەواوی ئەفسەرە ژێردەستەکانی، جەختیان لەسەری کردەوە). دیۆنۆسیوس دوای دەسەلاّتدار بوونی بە چەند سەرکەوتنێکی دڕندانە، سیراکوسی کردە یەکێك لە بەهێزترین شارەکانی یۆنان لە رۆژئاوای یۆناندا، ئەسینایییەکان بۆ رێگەخۆش کردنی پەیوەندی دیپلۆماسی دیۆنۆسوسیان دلّنیا کرد کە شانۆنامەکەی بە ناوی فدیەی هیکتۆر لە میهرەجانی لێنا خەلاّتی وەرگرتووە.

دیۆنۆسیوس لەو جۆرە مرۆڤانە نەبوو کە بهێلّێ فەرمانبەری مرۆڤێکی سەرزل و فەیلەسوف بێ کە هەولّی دەدا لە کۆشکی ئەو ئەرکێك (مەنسەبێك) بۆ خۆی سوالّ بکات. کاتێك کە ئەو و ئەفلاتوون خەریکی توێژینەوەی فەلسەفی بوون، یەکسەر یەکەمین بروسکەکان بەدەرکەوت. ئەفلاتوون بینی کە دەبێ لە شوێنێك ئاماژە بە هەلّەیەك لە ئەندێشەی دیۆنۆسیوس بکات.

دیۆنۆسیوس بەنەفرەتەوە هاواری کرد: ((وەك پیرەمێردێکی مۆخرف (بێ خەرفاد قسە دەکەی)).

ئەفلاتوون لە وەلاّمدا گوتی: ((تۆش وەك فەرمانڕەوایەکی چەوسێنەر قسە دەکەی)).

لەو کاتەدا یۆنۆسیوس بڕیاریدا کە لەسەر بنەمای قسەکانی ئەم فەیلەسوفە رەفتار بکات و ئەمری کرد کە لە زنجیری بدەن. ئەفلاتوونیان سواری کەشتیەکی ئەسپارتی کرد کە بەرەو ئەگینا دەچوو: بۆ شوێنێك کە بە گەمیەوانی کەشتیەکە ئەمر کرا بوو، ئەفلاتوون وەك کۆیلەیەك لەوێ بفرۆشێت. دیۆنۆسیوس (بە گەمیەوان) گوتی: ((نیگەران مەبە ئەوەندە فەیلەسوفە کە تەنانەت ئاگاشی لێ نابێت)).

هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن، لەم کاتەدا ژیانی ئەفلاتوون کەوتۆتە مەترسیەوە: بەڵام ئەم راستیە کە ئەویان بەرەو ئەگینا رەوانە کرد، باس لە شتێکی تر دەکات و پێشان دەدات کە رەنگە ئەم دوڕگەیە، شوێنی لەدایکبوونی ئەفلاتوون بووە بێ، نەك ئەسینا. گەڕاندەوەی ئەفلاتوون بۆ شوێنی لەدایکبوونی وەك کۆیلەیەك سوکایەتییەك بوو کە دیۆنۆسیوس چێژی لێ وەردەگرت. جگە لەمە، دیۆنۆسیوس دەیتوانی هەتا رادەیەك دڵنیابێ کە برادەرێکی دەسەڵاتدار ئەفلاتوون بناسێ و بیکڕێت و بەم جۆرە خۆی پێشگری رووداوە خراپە دیپلۆماسییەکانی ئەم بابەتە، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەسینادا بێت. پلانی دیۆنۆسیوس بە هەمان ئەو جۆرەی کە دای نابوو، دەرچوو.

ئەفلاتوون تووشی مەترسیەکی کوشندە بوو. (بیرکردنەوە لەوەی کە دەبێ بۆ بوونەوەرێك کاربکەی بەس بوو، تا بتوانێ دڵی هەر فەیلەسوفێکی راستەقینە بهەژێنێ). زۆری پێ نەچوو برادەری کۆن و دەوڵەمەندی ئەفلاتوون،



ئاینکریس کورنایی ئەوی لە بازاڕی کۆیلەفرۆشەکانی ئەگینا ناسی و ئەوی بە نرخێکی هەرزان (بیست مینێ[1] ) کڕی.

ئاینکریس ئەوەندە لە بینینی فەیلەسوفە هەرزانەکەی کەیفخۆش بوو کە ئەوی لەگەڵ پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك بەرەو ئەسینا رەوانە کرد.

ئەفلاتوون لە ساڵی (٣٨٦)ی پێش زایین، پارچە زەوییەکی لە باخی ئاکادیمە کڕی. ئەم شوێنە لە یەك میلی رۆژئاوای باکووری ئەسینا، یان لەو نزیکانە لەو دیوی دەروازەی ئاریای، لە نێوان دیوارەکانی شاری کۆندا بوو. باخی ئاکادیمە، فەزایەکی سەوز بوو کە لە هەموو شوێنەکانیدا دارەکان زۆر بەرز ببوون و لەژێر سێبەریان چەندین پەیکەرەو پەرستگە دروست کرابوون، لێرەدا، لە نێوان رێگە فێنیکەکانی باخ و رووبارە رەوانەکان ئەفلاتوون ئاکادێمیای دامەزراند و کۆمەڵێك لایەنگر و مورید، لە دەوری کۆبوونەوەو بە پێچەوانەی ئەوشتەی کە چاوەڕێ دەکرا، لە نێوانیان چەند ئافرەتێکیش بەشداربوون، یەکێك لەوانە ئاکسیۆتێئا بوو کە وەك پیاوان جلوبەرگی لەبەر دەکرد. دەکرێ ئاکادێمیا بە یەکەمین زانکۆدا بنرێت.

باخی ئاکادیمە کە ئەفلاتوون ئاکادێمیای لێ دامەزراند (و فێرگەی (ئەو) ناوەکەی لێ وەرگرتووە) لە دوای نێشتەجێ بوونی پێشووی ئەو بەم ناوە ناسرا. ئەم کەسە هیکادیمۆس قارەمانی نیوە خواوەندی ونی ئەفسانەکانی ئاتیکی بوو. دەست کەوتی گرنگی هیکادیمۆس ئەمە بوو کە لێرەدا دوانزە داری

---

(1) Mine (پارەی یۆنانی).

زەیتونی چاند کە لە لقە نەورەسەکانی داری زەیتونی پیرۆزی ئەسینا لە ئاکرۆ پۆلیس بوون. سەرەڕای ئەمەش کاتێك ئەفلاتوون ئەم شوێنەی هەڵبژارد ئەنجامی ئەمە بوو کە تەنانەت ئەمڕۆش لە هیکادیمۆس لە سەرانسەری جیهانی شارستانیدا یاد بکرێت، و بۆچوونی ئێمە لە ناوی (ئەو) رازاوکەری هەموو شتێك بێ: لە کۆلێژەکانی سکرتێری بگرە هەتا سینەماکان، یەکێك لە یانە تۆپەپێیەکانی ئەسکۆتلەند و خەڵاتە ساڵانەکان بۆ کەسیەتی نیوە خواوەندەکانی لێکچووی کە دەستکەوت گەلێکی نەناسراویان هەبووە.

ئەمڕۆ باخی ئاکادیمە پارچە زەوییەکی چۆڵ و دوورکەوتوو و درێژە لە رۆژئاوای باکووری ئەسینا، شوێنێك کە، ناوەندەکانی شار، بەشێوەیەکی نەگونجاو و نارێك لە دەوروبەری شار، پەیتا پەیتا پەرە دەسێنن. لەژێر دارەکان، لەنزیك وێستگەی پاسەکان، بەردە پەرتو بڵاوەکانی دەورانی پێشوو، کۆمەیەك لە زبڵی ماڵەکان کە جاروبار لەوێ فڕەی دەدرێن. چەند کورسییەك کە سەریان پڕە لە نووسراو و دروشم، بەرچاو دێت.

شوێنی ئاکادێمیای ئەفلاتوون و ماڵێك کە ئەو تێیدا دەژیا نزیك لە یەقینە کە بەتەواوی لەناو چووە. سەیر ئەمەیە کە خانووی هیکادیمۆس هێشتا ماوە. لەژێر تاقێکی لە جۆری قەلع، کە دێرینەناسەکان بۆ پاراستنی دروستیان کردووە. دەتوانیت بەردەکانی ئەم بینایە — کە لە خشتی مۆرە وەرگراوە- کە لەبەرچاوە و هەروەها پاشماوەکانی دیوارەکانی — کە لە خشتی قوڕ دروست کراوە- تەماشا بکەیت، شوێنەوارێك کە لە کاتی دامەزراندنی ئاکادێمیا بەهۆی ئەفلاتوونەوە، مێژینەیان دەگاتە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر. وادیاردەکەوێت کە هیکادیمۆس خاوەنی توانایەکی نەمرانە بووە.



لەم نێوانەدا، لەو بەری ئەم زەوییە چۆڵە، ئۆردوگایەکی نوێ هەیە کە لەوێدا دۆخێکی هاوشێوە لەگەڵ دۆخی خانووی بەر لە مێژوویی هیکادیمۆس هەبوو، هێشتا لەدوای تێپەڕ بوونی زۆرتر لە چوار هەزار ساڵ زاڵە. منداڵە کۆچبەرەکان کە سەریان تراشراوە لەنێوان شوێنی حەوانەوەکان بەشێوەی ژوور گەلێکی موقەبایی دروست کراوە، و حەوزەکانی پڕ لە ئاوی وەستاو لەژێر هەتاوێکی گەرم و کۆمەڵێك مێش خەریکی یاری کردنن و لە هەمان کاتدا، دایکەکانیان - کە سەرپۆشیان بە سەرەوە- لە نێوان زبڵەکان دانشتوون و کۆرپە رەش و رووتەکانیان شیر دەدەن.

«یەکسانی چییە؟» ئەفلاتوون لە «کۆمار» بەناوبانگترین بەرهەمی خۆی، ئەم پرسیارەی ئاراستە کردووە. ئەو لەم گفتوگۆیەدا سوکرات و کۆمەڵێك لە خاوەن کەسیەتیەکانی بۆ خواردنی نانی شێوا (شام) لە ماڵێکی گەورە پیاوانی یەکێك لە خاوەن دەسەڵاتداران -کە ئێستا خانەنیشنە- کۆ دەکاتەوە. کاتێك کە سوکرات جڵەوی گفتۆگۆکە بەدەست دەگرێ ئامادەبووان لەسەر ئەم بابەتە کە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی یەکسانی «بێ سوودە» رێك کەوتن مەگەر لە گۆڕەپانێکی فراوانتردا واتا کۆمەڵگا، پێناسەی بکەین. بەم جۆرە سوکرات دەست پێ دەکات تا بیروڕاکانی خۆی لەبارەی کۆمەڵگای خاوەن یەکسانی شی بکاتەوە.

بەگشتی یەکەمین گفتوگۆکان کە بە قەڵەمی ئەفلاتوون نووسراوە، بەڵام سوکرات ئەستێرەکەیەتی، بە هەڵگری ئەندێشەی سوکرات دەزانن.

ئەم ئەندێشانە لە گفتوگۆکانی قۆناغی ناوەندی و قۆناغی کۆتایی، گۆڕانی بەسەردادێت و ئەو ئەندێشانەی کە سوکرات لەم بەرهەمە ئاراستەی دەکات،

ئەفلاتوون بە خاوەنی دەزانن. كۆمار باشترین گفتوگۆیە لەنێوان گفتوگۆ ناوەندیەكان و ئەفلاتوون (لەم بەرهەمەدا) لە كاتی ئاراستەكردنی رێنمایی و فۆرم دانان بۆ كۆمەڵگایەكی یەكسان ئەندێشەكانی خۆی لەبارەی بابەت گەلێكی فراوان وەك ئازادی را دەربڕین (ئازادی قسەكردن)، فمێنیزم، كۆنترۆڵی منداڵ بوون زاوزێ ئەخلاقی گشتی و تاكەكەسی، ئەوەی پەیوەندی بەدایك و باوكانەوە هەیە، دەروونناسی، پەروەردەكردن، خاوەندرێتی گشتی و تایبەتی و بابەت گەلێكی تر، دێنێتە كایەوە، ئەم بابەتانە رێك وەكو ئەو باسانەیە كە رەنگە لە میوانی شێوێكی خۆش بەزەحمەت بتوانن خۆتانی لێ بدزنەوە. بەلاّم بەزوویی تێدەگەین كە كۆمار میوانی شێوێكی خۆش نەبوو، و ئەو كۆمەڵگایەش كە پێشنیاری دەكرد، ئەوەندەش بەدڵ نەبوو تاڕادەیەك تەواوی ئەندێشەكانی ئەفلاتوون لەبارەی بابەتە ناوبراوەكان، بەتوندییەوە دژایەتی دەكات لەگەڵ باوەر گەلێك كە ئەم رۆژانە هەمووان -جگە لەو كەسانە كە دەمارگرژن و تاڕادەیەك شێت- باوەڕیان پێی هەیە.

لە كۆماری ئارمانی ئەفلاتووندا، نەباسی موڵك كراوە نە زەواج كردن (مەگەر لە چینی خوارەوەی كۆمەڵگا كە ڕەنگە تەنیا خەڵكێكن كە ئەم شتانە شایانی ئەوانە). كۆرپەكان یەكسەر دوای لە دایك بوونیان لە باوەشی دایكیان جیادەكرێنەوەو بەشێوەیەكی هاوبەش پەروەردە دەكرێن. بەم جۆرە، دەگەنە شوێنێك كە ولاّت (= كۆمەڵگا/ دەوڵەت/ حكومەت) بە دایك و باوكی خۆیان بزانن و هەموو هاورۆژگارەكانیان دەبنە براو خوشكیان. هەتا تەمەنی ٢٠ ساڵی فێری وەرزش و مۆسیقایی بەسۆز دەكرێن. ( هیچ جۆرێك لە مۆسیقای



ئیۆنیایی یان لبدیایی پەسەندكراو نییە و تەنیا لە مارشە نیزامییەكان [1] بۆ جولاّندنی هەستی عەشق بە نیشتیمان و بوێری، كەڵكیان لێوەردەگیرێت.

هەموو ئەمانە، مرۆڤ بەبیری قۆناغی منداڵی ئەفلاتوون دەخات. لە پشتگیری لەم قسەیە، دیۆگنس لائێرتیوس ئاگادارمان دەكاتەوە كە باوكی ئەفلاتوون عەشقێكی بەتینی بەرامبەر بە دایكی ئەفلاتوون هەبوو، بەلاّم نەیتوانیوە بەدەستی بێنێت. هەرچەند ئەفلاتوون نزیك لە یەقینەوە منداڵی شەرعی دایك و باوكی خۆی بوو، بەلاّم وادیارە كە دایكی یەكسەر شویەكی تر دەكات و ئەفلاتوونیش بە یەقینەوە لە نێوان چەند خێزانێك پەروەردە كراو و گەورەبوو. بەمجۆرە ڕەنگە سەیر نەبێ كە ئەفلاتوون ئەوەندە هەستی بە ئارەزوومەندی بە ژیانێكی خێزانی نەكردووە.

لە یۆتۆپیای ئەفلاتووندا ئەوانەی كە لە پەروەردەی جەستەیی و مۆسیقایی بەهرەیەكی كەمیان وەگرتووە و ڕادەی دەرك كردنیان كەم بووە لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا دەست نیشان و لەوانەی تر جیادەكرێنەوە. ئەم كەسانە بۆ جێبەجێ كردنی كار گەلێكی بچووك و لە ئاستی نزمدا وەك: ئامادەكردنی پێداویستیەكانی كۆمەڵگا لە ڕێگەی كشتوكاڵ و كاسبی ڕەوانە دەكرێن. لەم بەینەدا باشترین قوتابیان لە درێژەی پەروەردەكردنیان بۆ ماوەی دە ساڵ خەریكی خوێندنی حیساب، هەندەسە، و ئەستێرەناسی دەبن. گروپێكی تر كە - شكستیان هێناوە و ماتماتیك مێشكیانی تێك داوە، بۆ پاسەوانی ڕەوانە دەكرێن، ئێستا تەنیا نۆخبەكان دەمێنن، ئەوانیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ، واتا هەتا تەمەنی سیو پێنج ساڵی، ڕێگەیان پێ دەدرێت كە شانازی مەزنی

(1) Military March.

خوێندنی فەلسەفەیان پێ ببەخشرێت ئەو کاتە دووای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ، بەنوقم بوون لەناو کاروباری ژیانی مرۆڤەکانی سەر زەوی، لە کاروباری حکومەت و بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی کرداری دەکۆڵنەوە، ئەمانە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا شایانی فەرمانڕەوایی کردن دەبن.

ئەم فەیلەسوفە فەرمانڕەوایانە لە شوێنی حەوانەوەی کۆمەڵی و هاوبەش (پێکەوە) بەسەر دەبەن و لەوێ هیچ جۆرە دارایییەکی تایبەت بە خۆیان نییە و ناتوانن بەو جۆرەی کە دەیانەوێ نزیك بوونەوەی سێکسیان هەبێ. لەنێوان پیاو و ژندا، هیچ جیاوازییەك نییە (هەرچەندە ئەفلاتوون لە گفتوگۆیەکی تردا، بەشێوەیەکی چاوەڕێ نەکراو دەڵێ: کاتێك کە ڕۆح لە ماوەی زەمەنێکی دیاری کراودا نەتوانێ لە ناخی پیاوێك بەباشی بژیت بۆ جەستەی ژنێك دەگوازرێتەوە) ئەم نۆخبانە بەم جۆرە بە ژیانیان بەشێوەیەکی هاوبەش و نەبوونی هیچ جۆرە سوودێکی تایبەتی دەستیان بە بەرتیل خواردن پیس نابێ و تەنیا ئامانجیان مسۆگەرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگادا دەبێت. سەرۆکی حکومەت، فەیلەسوف- فەرمانڕەوا لە نێوان ئەم کەسانە هەڵدەبژێردرێت.

ئەم سیستەمە تەنانەت بۆ دەوڵەت شارە ئارمانی بچوکەکان (لە مەودای ٩ میلی دەریا) -کە ئەم سیستەمە بۆ ئەوان دانراوە- شێوەکارکردنێکی کارەساتانە بەرچاو دەکەوێت. لە باشترین شێوەدا ئەم یۆتۆپیایە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر جارسکەرە، چونکە هەموو شاعیرەکان، شانۆ نامەنووسەکان و ئەوانەی کە مۆسیقا بە شێوازە هەڵەکەی دەژەنن، هەروەها پارێزەرەکان و مافپەروەران بۆ بەشداریان لەم یۆتۆپیایە، ڕێگەیان پێ نادرێت. لە خراپترین شێوەدا، یۆتۆپیای ئەفلاتوون مۆتەکەیەکە لە چەوسێنەری کە بە خێرایی شێوە



ناخۆشە باوەکانی کە بۆ پاراستنی ئەم جۆرە حکومەتە نامەردومیە پێویستە، لە باوەشی خۆیدا پەروەردە دەکات.

بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دوبارە بیر لێکردنەوەمان بە ئاسانی دەتوانین لە هەڵەکانی ئەم خەیاڵ هۆنینەوە جدیە تێبگەین، تەنانەت تەوسیفی خودی ئەفلاتوون ئەو تووشی کۆمەڵێك ناکۆکی دەکات. (لە یۆتۆپیای ئەفلاتوون) شاعیران یاساخکراون لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتوون خۆی لەناو بەناوی بەڵگە هێنانەکانی لە وێنە گەلێکی شاعیرانەی ئاست بەرز، کەڵك وەردەگرێت، هەروەها پەرستشی خواوەندەکان، ئاین و ئەفسانەش قەدەغە کراوە، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتوون بەخۆی چەندین ئەفسانە لەم بەرهەمەدا (کۆمار) دەگونجێنێ و «فەیلەسوفە - فەرمانڕەواکان» لێك چوونێکی سەیریان لەگەڵ کاستی[1] قەشەکان هەیە، هەروەها ئەفلاتوون بەخۆی، خواوەندێکی ئارمانی پێشنیار دەکا، خواوەندێکی سەرسەخت کە دەشێ ملکەچی بین. (هەرچەند بوونی ئەم خواوەندە شیاوی سەلماندن نییە).

ڕاستی ئەمەیە کە بۆچوونی ئەفلاتوون لە کۆماری ئارمانی وادیارە بەگشتی بەرهەمی ڕۆژگاری خۆیەتی، ماوەیەك لەمەوبەر، ئەسینا لە شەڕی پلۆپۆنزی، لە بەرامبەر ئەسپارتەکان دۆڕاندی نە دیموکراسی کاریگەر بوو نە حکومەتی چەوسێنەر و ئەسینا لەبەر رووخاوی بنەڕەتیەکەی پێویستی بە حکومەتێك بوو کە بتوانێ ڕێك و پێکی بهێنێتەکایەوە. (لە ڕاستیدا، هەندێك لە شیتەڵکارەکان وا بیر دەکەنەوە کە کاتێك ئەفلاتوون باس لە

(1) Caste. چینی داخراوی کۆمەڵگا، وەرگێڕ.

یەکسانی دەکات بەگشتی مەبەستی ئەو شتەیە کە زۆرتر بە (چەمکی) ڕێکی نزیکە. ئەفلاتوون وای زانی کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگایەك کە بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێت، وەك کۆمەڵگای ئەسپارت دەست دەکەوێت، بەلاّم ئەسپارت بە پێچەوانەی ئەسینا کۆمەڵگایەکی بێ فەرهەنگ و لەلایەنی ئابووریش دواکەوتوو بوو، کۆمەڵگایەك کە بۆ مانەوەی خۆی ناچار بوو چینەك لە مرۆڤـ گەلێکی زۆرەمل، نەفام و تێ نەگەیشتوو پەروەردە بکات کە بە ئارەزووی خۆی فەرمانبەر بن و هەتا مردن شەڕ بکەن. کاری ئەم چینە ئەمەبوو کە لە نێوان چینی نزمی دەوڵەتە شاردا، کە ڕۆژ بەرۆژ نافەرمانبەرتر دەبوون فەزایەکی پڕ لە ترس بخۆڵقێنن و لە دراوسێیە پێشکەوتووەکانی ئەسپارت کە لە لایەنی ئابوریدا بەهێز بوون، بیانترسێنێ و ناچار بە فەرمانبەرداریان بکات. ئەفلاتوون یان ئاگای لەم بابەتە نەبووە یان حەزی لێ نەبووە ڕەچاوی بگرێت.

ئەفلاتوون بەگشتی کردنەوەی بیروڕای ئەخلاقی ساویلکانەی سوکرات (باشەکان بەختەوەرن) لەسەر ئەم باوەرە بوو کە (تەنیا زاڵمەکان ڕەشبەختن) کۆمەڵگایەکی یەکسانخواز بەزۆر دامەزرێنە هەتا مرۆڤەکان باش بن. بەلاّم ئەفلاتوون بە تەمای چ بوو؟ ڕێك پلانێك کە ئێوە لە هزرمەندێك لەسەر باوەڕی ئوسول و جدی، کە لە باخی ئاکادیمە گۆشەنشینە، چاوەڕێی دەکەن. ئەم تەرحە هەرگیز شیاوی جێبەجێ کردن نەبوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەمەرە لێرەدایە کە پلانێکی وا، یان شتێکی وەك ئەمە، جێبەجێ بوو. بۆ ماوەی زۆرتر لە هەزار ساڵ کۆمەڵگای سەدە



ناوەڕاستەکان، بە چینی خوارەوەی، کاستی(1) سوپاییەکان، و قەشە دەسەلاّتدارەکانی خۆی، لێکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ کۆماری ئەفلاتوون هەبوو. لە سەردەمی نوێدا کۆمۆنیزم و فاشیزم، زۆربەی تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی کۆماری ئەفلاتوونیان هەیە.

ئەفلاتوون چەندین ساڵ لەسەر فێرکردن لە ئاکادێمیا بەردەوام بوو و ئاکادێمیای لە ڕیزی باشترین قوتابخانەکانی ئەسینا دانا. لەکاتەدا لە ساڵی ٣٦٧ پێش زایین لە دیۆن برادەری خۆی، گوێی لێبوو کە دیۆنۆسیوس فەرمانڕەوای چەوسێنەری سیراکوس، مردووەو کوڕەکەی دیۆنۆسیوسی (کوڕ) (یان دیۆنۆسیوسی دووەم) جێی گرتۆتەوە، باوکی دیۆنۆسیوسی دووەم، ساڵەها کوڕەکەی لە بەند کرد بوو هەتا هیچ خەیاڵێك نەتوانێ هانی بدا بۆ جێگری پێش لە وەختی (کاتی) دیاری کراودا. دیۆنۆسیوسی کوڕ، بەندکراو لە کۆشکی پاشا بەسەختیەوە پارچەدارەکانی دەبڕیەوە و مێزو کورسی پێ دروست دەکردو بەم جۆرە ڕۆژگاری بەسەر بردبوو.

لەسەر بنەمای قسەی دیۆن (کە دیۆنۆسیوس مردووەو کوڕەکەی جێگری بووە) هەلێکی باش بوو بۆ ئەفلاتوون. ئێستا فەرمانڕەوایەکی ئایدیایی بۆ ئەفلاتوون هەبوو، تا ئەفلاتوون فێری دابونەریتی فەیلەسوفی فەرمانڕەوای، بکات. هیچ فکرێکی تری نەبوو، ئەفلاتوون دەیتوانی کۆمارەکەی خۆی -کە لە بیریدا بوو- بە ئەنجام بگەیەنێ.

(1) Caste.

ئەفلاتوون بەهۆیەك ئەم دوورنمایەی[2] بەدڵ نەبوو (رەنگە نیگەرانی تەمەنی پیرێکی شەست و یەك ساڵ بوو کە لە کۆماری ئارمانی نێشتەجێ دەبوو. ئایا ئەویش دەشیا بۆ چوونە ریزی نوخبەکان دەبێت ئەو بەرنامە درێژخایەنەی وەرزش و مۆسیقای نیزامی بەجێ بهێنێت؟) لەگەڵ ئەمەشدا، لە کۆتاییدا ((ترسی من لەوەی کە نەفس بەرزی خۆم لە دەست بدەم و لای خۆم ببمە مرۆڤێك کە تەنیا قسە دەکات و هەرگیز قسەکانی بەجێ ناهێنێ)) بوو بەهۆی قەبووڵکردنی پاڕانەوەکانی برادەرەکەی بۆ رۆیشتنی سەفەرێکی درێژ خایەن بەرەو سیسیل.

کاتێك کە ئەفلاتوون گەیشتە سیسیل، کۆشکی دیۆنۆسیوسی دووەمی پڕ لە فێڵ و فێڵ بازی بینی، زۆر لە کاربەدەستانی کۆشك ئەم پیرەمێردە قۆزە زانایەیان لە کاتی دیداری پێشوودا بە بیر مابوو و هەندێك لەوانە - وادیار بوو- بە تەمابوون ئازاری پێ بگەیەنن، لە ماوەی چەند مانگێکدا، ئەم دوژمنانەی فەلسەفە، دەست بەکاربوون و ئەفلاتوون و دیۆنیان بە خیانەت تۆمەت بارکرد (داوێکی هەمیشەیی بۆ ئەوان کە پلانی یۆتۆپیایان لەسەر دابوو). لەسەرەتادا فەرمانڕەوای دارتاش نەیدەزانی چی بکات. دوای ماوەیەك کە لە دەسەڵاتی دیۆن ترسی لێ نیشتبوو، خاڵی خۆی نەفی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا، رێگر بوو لەوەی کە ئەفلاتوون کۆشك جێ بهێڵێت. ئەو فەیلەسوفی

(2) Prospect لە واتاکانی تری ئەم وشەیە، موشتەری ئیحتیمالییە کەوا بەرچاو دێت کە نووسەر لێرە چاوی بەم واتایەش بووە. وەرگێڕ.



پیری ئاگادارکردەوە کە پێی خۆش نەبووە کاتێك کە ئەفلاتوون بۆ ئەسینا دەگەڕاوە بە خراپی باسی بکات.

لە بەختی باشی، برادەران، بەزوویی بەرنامەی هەڵهاتنی ئەفلاتوونیان رێکخست و ئەو گەڕایەوە بۆ ئەسینا: شوێنێك کە قوتابیانی وەفادار و دیۆن لە ئاکادێمیا چاوەڕێی بوون.

بەلاّم دیۆنۆسیوسی دووەم، هەڵهاتنی ئەفلاتوونی پێ ناخۆش بوو. ئەو لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەفلاتووندا چێژێکی زۆری وەرگرتبوو. هەرچەند بەتەما نەبوو کە هیچ کام لە ئەندێشەکانی جێ بەجێ بکات. (سیراکوس بە هیچ شێوەیەك لە ئاستێك دا نەبوو کە ئەم ئەزموونانە لەسەر خۆی تەنفیز بکات. لەو کاتەدا، سیراکوس تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز بوو کە توانی لە بەرامبەر دەست درێژی کارتاژ بۆ سەر ئیتالیا - شوێنێك کە لەوێ کارتاژەکان یەکەمین کۆماری رۆمانییان لەناو برد- بەرگری بکات).

وا بەرچاو دێت کە دیۆنۆسیوس پەیتا پەیتا بە چاوی پیرێك یان باوکێکی رۆحانی (معنوی) لە ئەفلاتوونی دەڕوانی.گومانی تێدا نییە کە ئەو لە خۆشەویستی ئەفلاتوون بەرامبەر بە خاڵی، دیۆن، بەخیلی پێ دەبرد. دیۆنۆسیوسی دووەم داوای لە ئەفلاتوون کرد کە بگەڕێتەوە بۆ سیراکوس و بە تەمەنا و پاڕانەوەکانی خۆی ئەفلاتوونی ماندوو دەکرد. ئەو بە دڵ پەرێشانییەوە، بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەی دەبوو، رایگەیاند کە ئیتر بەبێ گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستای فەلسەفەی، ژیانەکەی شیاوی بردنە سەر نییە. لە ئەنجامدا دیۆنۆسیوس، خێراترین کەشتی جەنگی خۆی بەرەو ئەسینا رەوانەکرد و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەفلاتوون سەردانی

نەکات، تەواوی سامانی دیۆن لە سیراکوس (کە مەبلەغێکی بەرچاو بوو) دەستی بەسەردا دەگریٚ.

لە ئەنجامدا، ئەفلاتوونی ٧١ ساڵە هەرچەند کە هەستی دەکرد، ئەم کارەی دوور لە عەقڵە، سواری کەشتی بوو هەتا بڕواتە سیراکوس. وا دیاردەکەوێت، ئەو کەسەی ئەفلاتوونی بۆ ئەم سەفەرە هان دا، دیۆن بوو کە لەم دۆخەدا، لەجیاتی سەرنج دانی بۆ دامەزراندنی یۆتۆپیای ئەفلاتوون و «ئەندێشەی سەلماندنی لەپێشتربوونی رۆح بەسەر جەستەدا بۆ فەرمانڕەوایەکی چەوسێنەر» هەتا رادەییەکی زۆر خەریکی ئارەزووگەلێکی تر بوو.

ئەوەندەی پیٚ نەچوو کە جارێکی تر، ئەفلاتوون لە سیراکۆس وەك دیلێکی راستەقینەی لێهات، دیلێك کە بێگومان دووجار لە رۆژدا لەوەی کە هەتا ئەو رادەیە لە توانایدایە، خۆراکی ئیتالیایی بخوات دوورەپەرێزی دەکرد و هەر شەو بەتوورەیی، رەگەزە نەخوازراوەکانی لە نوینی خۆی دەردەکرد.

بەڵاٚم خۆشبەختانە ئەو جارێکی تر رزگاری بوو، ئەم جارە فیساگورسێکی هاودڵ و هاوبیر کە خەڵکی تارانتۆ بوو پەیدابوو. ئەفلاتوونی لە بیٚ دەنگ ترین کاتی شەو بە کەشتیەکەی خۆی برد. فەیلەسوفی پیر، لە پەنای کۆیلەکان کە لە ژێر قەمچیدا، بوێرانە کەشتیەکەیان بەرەو پێش دەبرد، بەپەلەوە بۆ ئەو دیوی دەریا، بەرەو باوەشی هێمنی ئەسینا، بەریٚ کەوت. (چەند ساڵ دواتر دیۆن، گەیشتە ئەو ئامانجەی کە ڕەنگە بە بەردەوامی بیری لیٚ دەکردەوە: ئەو هێرشی بردە سەر سیراکوس، دیۆنۆسیوسی لابرد و خۆی دەسەلاٚتی بەدەستەوە گرت. ئێستا کە بەخت هاوڕێی دیۆن ببوو، ئایا توانی کۆماری ئەفلاتوون دامەزرێنیٚ؟ وا دیارە کە، نەخێر. بەڵاٚم چارەنووس وابوو کە، لەو شوێنەی کە



یەکسانی ئەفلاتوونی سەرنەکەوت، یەکسانی شاعیرانە بگاتە ئەنجام، زۆری پیٚ نەچوو کە دیۆن، لە ئەوپەڕی سەر سوڕمان، بەهۆی خیانەتی یەکێك لە قوتابیانی پێشووی ئەفلاتوون، کوژرا).

بەم جۆرە گەڕانەوەی ئەفلاتوون لە قەڵەمڕەوی سیاسەت، کۆتایی پیٚ هات. ئیمپراتووری رۆم (لە ئەندێشە سیاسیەکانی ئەفلاتوون) رزگاری بوو. سەرەڕای ئەمەش بەرهەمی تیۆرییە ئەزموون نەکراوەکانی ئەفلاتوون ئەمە بوو کە جیهانی سەدەی ناوەڕاست کە لە ناخی ئیمپراتۆڕی رۆمدا سەری هەڵدا نموونەیەکی لە بەردەستدا بیٚ و لە قۆناغی نویٚدا، نموونەی ستالین و هیتلەر بۆ هەنگاو هەڵگرتنیان رابردوویەکی کۆنیان هەبێت.

ئایا ئەفلاتوون بە تەواوی مرۆڤێك بوو کە بە لاسارییەوە جەختی لەسەر هزرە ناڕاستەکان دەکرد؟ بەلای ئەو تەنیا عەقڵ کە توانای هەیە بە شوناس (مەعریفە) یان فامی راستەقینە (تیٚ گەیشتنی واقیعی) بگات. ئەم کارە بەهۆی پێنج هەستەکانەوە ناکرێت. ئەگەر بڕیار وایە کە رۆح بگاتە حەقیقەت (راستی)، دەبوایە لە جیهانی ئەزموون و هەست لابچێت لە حاڵێکدا ئەگەر ئەفلاتوون بە جدییەوە باوەڕی بەم شتە هەبوویٚ، لە قۆناغی یەکەمدا زۆر دژوارە تیٚ بگەین کە ئەو لە دانانی یاسا بۆ یۆتۆپیای خۆی، چ مەبەستێکی هەبووە. ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە، بەپێچەوانەی پرۆسەی باو لە سیاسەتە. سەرەڕای ئەمەش لەسەر بنەمای قسەی ئەفلاتوون «گرفتە تایبەتیەکانی مرۆڤـ، کۆتایی پیٚ نایێ مەگەر فەیلەسوفەکان ببنە خاوەن دەسەلاٚت یان دەسەلاٚتداران دڵ بە فەلسەفە ببەستن» لە کرداردا، دەقاودەق بە پێچەوانە

دەرچووە. دەسەڵاتدارانێك کەبیری فەلسەفی ئیلهام بەخشیان بوو لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتدارانەی کە فەلسەفەیان نەدەزانی، زۆرتر گرفتیان خولقاندووە).

ڕەهەندە ناسیاسییەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوونیش، بۆ ماوەی چەند سەدەیەك کاریگەرییەکی فراوانی بەجێ هێشت. ئەم بابەتە بەگشتی بەهۆی ئەمە بوو کە فەلسەفەی ئەفلاتوون، بەباشی لەگەڵ مەسیحیەت تێکەڵ بوو و لەگەڵ مەسیحییەت کە لەسەرەتاوە، ئیمانی پەتی بوو بونیادێکی فەلسەفی عەقلانیتری پێ بەخشی. (ئەنجامی ئەوە بوو کە ئیتر ڕەدکردنەوەی مەسیحییەت، بەتەنیایی کاریگەر (کافی) نەبوو؛ دەبوایە ناڕاستیەکانیشی بسەلمێنی).

بە باوەڕی ئەفلاتوون، ڕۆح یان نەفسی مرۆڤ لە سێ بەشی جیاواز پێکهاتووە: بەشی عەقلانی بە دوای زانایییە، بەشی تێکۆشەری ڕۆح (یان بەشی بوێری) بە دوای بەدەست هێنان و دەسەڵاتە و هەوەسەکان، بەدوای ڕازیکردنی خۆیانن (سێ بنەڕەتی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەفلاتوون لە کۆمار باسی دەکات زایەڵەی ئەم بەشانەیە: فەیلەسوفەکان، ئەو کەسانەی کە کارکەرن یا شەڕکەرن و سڵپەکان (تلفەکان) کە تەنیا خەریکی کاری خۆیانن و لە بیر چێژوەرگرتن دەکەنەوە. لەسەر مرۆڤی ڕاستکردار (یان عادل) عەقڵ زاڵە، سەرەڕای ئەمەش هەریەك لەم سێ بەشە، ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە. ئێمە بەبێ ڕازی کردنی هەوەسە شەهوانیەکانمان، نەمانتوانی درێژە بە ژیانمان بدەین، بە هەمان شێوەی کرێکارەکان کە ئەگەر لە کارو ڕازیکردنی هەوەسەکانیان وازیان دەهێنا و لە جیاتی، هەوڵیان دەدا کە ببنە فەیلەسوف، شیرازەی پەیکەری تەواوی کۆمەڵگا پەیتا پەیتا لە یەك هەڵدەوەشا. مەبەست



ئەمەیە کە یەکسانی (یان ڕاست کرداری) تەنیا کاتێك بەدی دێت کە هەریەك لەم سێ بەشەی ڕۆح، ئەرکی تایبەتی خۆی بەجێ بێنێ، هەروەها لە وڵاتدا، کاتێك یەکسانی بەرهەم دێت کە هەر کام لە سێ بەشی کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆیان (لە کۆمەڵگا) ببینن.

میوانی (ضیافت) تاڕادەیەکی زۆر دڵگیرترین گفتوگۆی ئەفلاتوونە کە تایبەتە بە باس لەبارەی عەشق، لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی. یۆنانییە کۆنەکان، لە عەشقی خۆشی خوازانەی (زاهد مآب) نەبوون و بەشێك لە گفتوگۆی میوانی، کە تێیدا: ئالکیبیادس باسی چیرۆکی عەشقی نێربازی خۆی بۆ سوکرات دەکات هۆکارێك بوو کە ئەم بەرهەمە دواتر بە شێوەیەکی فراوان، لەبەرهەمە قەدەغەکراوەکان لە قەڵەم بدرێت و یەکەمین شاکاری ئەدەبی ژێرزەمینی لە سەردەمە دێرینەکانی سەدە ناوەڕاستەکان بێت. هەتا ساڵی **١٩٦٦** چاپی تازەی میوانی بەشێوەیەکی ڕەسمی لە پێرستی کتێبە قەدەغەکراوەکانی کلێسای کاتۆلیکەکان بوو).

ئەفلاتوون ئێرۆسی[1] بە جوڵێنەری ڕۆح بەرەو چاکە بردن دەزانی. ئێرۆس لە نزمترین وێنەی خۆیدا (شێوەی خۆی) لە عەشقی ئێمە بەرامبەر بە مرۆڤێکی جوان (ڕوو جوان) و حەز لە نەمری کردن، کە لە ڕێگای لە دایکبوونی منداڵێك لەو خۆی بەدەردەخات دەردەکەوێت. هەرچەندە دژوارە تێ بگەین کە ئەم قسەیە، باس لە ئالکیبیادس دەکات، چونکە سوکرات جوان نەبوو و هەروەها بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لەم پەیوەندییە عاشقانەیە،

(1) eyos. خواژنی عەشق لە ئەفسانە یۆنانییەکان. وەرگێر.

منداڵێك لە دایك بێت). وێنەیەكی بەرزتری عەشق بریتیە لە هاودڵی لەگەڵ ئامانجە روحانیەكانی تر (یان ئیلاهی تر) و ئەم جۆرە عەشقە سەرچاوەی چاكەی كۆمەڵایەتییە. بەرزترین وێنەی عەشقی ئەفلاتوونی سەراسەر عەشق بە فەلسەفەیە و لوتكەی ئەم عەشقە، بەدەست هێنانی موشاهیدەی (روانینی) عیرفانی ئایدیای چاكەیە.

هزرەكانی ئەفلاتوون لەبارەی عەشق، كاریگەریەكی قوولی لەخۆی بەجێ هێشت. ئەم هزرانە لە چەمكی عەشقی پاشایانە (یان عەشقی كۆشك)[2] كە شاعیرانی تروبادۆر لە سەرەتای سەدەی ناوەڕاستدا عاشقی ببوون بە دەردەكەوێت. تەنانەت هەندێ كەس، لە خەیاڵی ئەفلاتوون بۆ ئێرۆس تەرحی سەرەتایی فانتزیای سێكسی دەرەوشاوتری فرۆید دەبینین. ئەمڕۆ لە نرخی چەمكی عەشقی ئەفلاتوونی بەئەندازەیەك كەم بووتەوە كە ئەم زاراوەیە نزیكە بە نیشان دەری فۆرمی لەناوچووی شەیدایی نێوان ژن و پیاو.

تەنانەت تیۆری ئایدیاكانی ئەفلاتوون كە ئامانجی بەرەو پێشخستنی ئێمە بوو بەرەو دەرك كردنی عیرفانی جوانی، حەقیقەت و چاكە، ئێستا بەشێكی گەورە لە شكۆ مەزنەكەی خۆی لە دەست داوە. رەخنەگران ئاماژە دەكەن، كە ئەم تیۆرییە تەنیا وا بیر دەكاتەوە كە جیهان وەك زمان ئیش دەكات و بۆ وشەكان و چەمكە ئابستراكتییەكان، بە قەڵەمڕەوێكی سەرتر گریمانە دەكرێت. ئەم گریمانەیە رەنگە هەڵە بێ، بەڵام هێشتا بە تەواوی خۆمانمان لێ رزگار

(2) courtly love. فۆرمێك لە عەشقی ئەفلاتوونی، كە بەرز بوونەوەی لە بەرهەمی شاعیرانێك وەك پتوارك بەرچاو دەكەوێت. وەرگێر.



نەكردووە. ئەفلاتوون دەیگوت: كە جیهانی واقیعی بەو جۆرە كە ئێمە لە رێگەی ئەزموون كردن و زمان، دەرك و وەسفی دەكەین، نییە. و بۆ دەبێ بەم جۆرە بێت؟ لە راستیدا دوورە كە بەم جۆرە بێت، بەڵام چۆن دەتوانین رۆژێك تێی بگەین؟

ئەفلاتوون لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا كۆچی كردو لە ئاكادێمیادا نێژرا. هەرچەند، فەلسەفەی ئەفلاتوون لەڕاستیەوە (واقیع) دوورە، زۆربەی خەیاڵاتی ئەو هێشتا لە بیركردنەوەی ئێمە، بەرامبەر بە جیهان بەجێ ماوە. و تایبەتمەندیەك لەناوی ئەو وەرگیراوە، هێشتاش هەڵگری فۆرمێك لە عەشقە كە رۆژبەرۆژ دوورتر دەبێتەوە، عەشقێك كە زایەڵەی ئایدیاكانی ئەوە و لەگەڵیا پەیوەندی هەیە. ئاكادێمیای ئەفلاتوون لە ئەسینا رۆژگاری رەواج و شكۆفایی خۆی تێ دەپەڕاند كە لە ئەنجامدا بەدەست ئیمپراتۆر یوستینین لە ساڵی ٥٢٩ی زایینی داخرا.

یوستینین، لە هەوڵەكانی بۆ سەركوت كردنی فەرهەنگی شرك ئامێزی یۆنانیانە و بە پشتیوانی كردن لە مەسیحییەت ئەم كارەی كرد. ئێستا زۆربەی مێژوونووسەكان، مێژووی ناوبراویان بە نیشانەی كۆتایی هاتن بە فەرهەنگی یۆنانی - رۆمی و سەرەتای دەورانی تاریكایی دەزانن.

## له نووسینه‌كانی ئه‌فلاتوون

فه‌لسه‌فه به سه‌رسامی ده‌ست پیێ ده‌كات

تیێ ئیێ تیێۆس. 155d

له‌م باره‌یه نموونه‌یه‌ك هه‌یه پێشان ده‌دات كه چۆن ده‌بیێ سروشتی مرۆڤانه‌ی ئێمه ببێته رووناك بین یان له‌سه‌رگه‌ردانی گومڕایی خۆیدا بمێنێته‌وه. دۆخی مرۆڤه‌كان وا بێنه به‌رچاو كه له جۆره ئه‌شكه‌وتێكی ژێرزه‌مینیدا ده‌ژین كه رێگه‌ی هاتنه ژووره‌وه‌یه‌كی درێژو ڕوو به رووناكیی هه‌یه. مرۆڤه‌كان له سه‌ره‌تای منداڵیدا، لێره‌دا ژیاون و ده‌ست و پیێ و ملیان وا به زنجیر به‌ستراوه كه ناتوانن جموجۆڵ بكه‌ن یان سه‌ری خۆیان به راست و چه‌پدا بسوڕێنن و ته‌نیا ده‌توانن به‌رامبه‌ری خۆیان ببینن. له‌سه‌روتر و هه‌ندێك دوورتر، له پشتی سه‌ریاندا ئاگرێك هه‌ڵگیرساوه، له ماوه‌ی نێوان ئاگرو زنجیركراوه‌كاندا، رێگایه‌ك هه‌یه كه ته‌ریب له‌گه‌ڵیدا دیوارێك هه‌یه وه‌ك ئه‌و په‌رده‌یه‌ی له نمایشی شانۆی بوكه شووشه‌ییدا، بووكه شووشه به‌ده‌سته‌كان - له كاتێكدا بووكه شووشه‌كانیان له سه‌ره‌وه‌ی په‌رده‌كه نمایش ده‌ده‌ن - (له چاوی ته‌ماشاكه‌ره‌كان) ده‌شارێته‌وه.

وتی: ئه‌وه‌ی كه باست كرد. ده‌توانم به خه‌یاڵ بیبینم.

ئێستا به خه‌یاڵی بێنه كه له پشتی دیواره‌كه، كه‌سانێك هه‌ن كه هه‌موو جۆره شتێكیان - وه‌ك په‌یكه‌ره‌ی به‌ردی و داری مرۆڤه‌كان و گیانه‌وه‌ران و شته



جۆراوجۆره‌كانی تر- له‌گه‌ڵ خۆیان ده‌گوازنه‌وه كه له سه‌ره‌وه‌ی دیواره‌كه دیاره. هه‌ندێكیان خه‌ریكی قسه‌كردنن و هه‌ندێكیشیان بێده‌نگن.

وتی: چ وێنه‌یه‌كی سه‌یر به‌رجه‌سته ده‌كه‌ی و چ سه‌یرن ئه‌م دیلانه، ئه‌وانه‌ی كه به زنجیر به‌ستراون!

وتم: نه، ئه‌و دیلانه هه‌روه‌ك ئێمه‌ن چونكه یه‌كه‌م، وا ده‌زانی ئه‌م دیلانه، جگه له سێبه‌رێك كه به‌هۆی تیشكی ئاگره‌كه كه‌وتووته سه‌ر دیواری به‌رامبه‌ریان شتێكی تر له خۆیان و یه‌كتر ده‌بینن؟

- چۆن ده‌توانن جگه له‌مه شتێكی تر ببینن له‌كاتێكدا تواناییان نییه، سه‌ریان بۆ راست و چه‌پ هه‌ڵگه‌رێنن.

- و له‌و شتانه كه له پشتی سه‌ریان ده‌گوازرێته‌وه. ده‌قاوده‌ق ئه‌م تۆزه سێبه‌ره ده‌بینن.

- هه‌ڵبه‌ت!

- ئێستا ئه‌گه‌ر ئه‌وان، توانای ئه‌وه‌یان هه‌بوایا كه له‌گه‌ڵ یه‌ك قسه بكه‌ن، ئایا به‌شێوه‌یه‌كی ره‌ها كاتێك كه ناوی ئه‌و سێبه‌رانه‌یان ده‌برد كه ده‌یان بینن، وا بیریان نه‌ده‌كرده‌وه كه له راستیدا، له‌باره‌ی شته واقعیه‌كان قسه ده‌كه‌ن؟

- به‌دڵنیاییه‌وه هه‌ر وایه.

- و ئه‌گه‌ر كاتێك كه یه‌كێك له رێبواره‌كانی پشت سه‌ریان قسه ده‌كات. دیواری به‌رامبه‌ریان زایه‌ڵه‌ی ده‌نگی بداته‌وه. زۆر به ئاساییی دیله‌كان وا ده‌زانن كه ئه‌م ده‌نگه له‌و سێبه‌ره‌ی كه له‌به‌ر چاویان تێده‌په‌ڕێت هه‌ڵده‌ستێت.

- وتی: سوێند به زێنوس كه به‌ڕاستی وایه.

- كه‌وایه به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك، دیله‌كان وا ده‌زانن كه واقعیه‌ت (راستی) شتێك نییه، مه‌گه‌ر سێبه‌ری ئه‌و شته ده‌ستكردانه.

- وتی بەیەقینەوە وا بیر دەکەنەوە.

514 a-c کۆمار، کتێبی حەفتەم.

کەواتا دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامە کە پەروەردە کردن، بەو شێوەیە نییە کە هەندێك کەس باسی دەکەن. ئەوانە دەڵێن کە پەروەردە کردن بریتییە لە ئاشناکردنی رۆح (یان گیان)ی مرۆڤ لەگەڵ شوناسێك کە پێشتر لە رۆح دا نەبووە، بەجۆرێك کە دەڵێی چاوێکی کوێر ساخ دەکەنەوە.

- بەڵێ، وا دەڵێن.

- بەڵام گفتوگۆی ئێمە، روونی دەکاتەوە کە توانای ناسینی راستی (حەقیقەت) لە رۆحی هەموو مرۆڤەکاندا شتێکی زاتییە (خۆییە) و دۆخی رۆح لە بەدەست هێنانی شوناسدا، وەك چاوێکە کە ناتوانێ لە تاریکایەتی بەرەو رووناکایی هەڵبێت، تاوەکو تەواوی جەستە رووی تێ نەکات. بەم شێوەیە، تەواوی رۆح دەبوایا لە جیهانی فەساد و سێبەردا روو هەڵگەڕێنێ تاوەکو چاو بتوانێ پەیتاپەیتا بەتیشکی دەرەوشاو و رووناکی حەقیقەت و درەوشاوەترین هەموو راستیەکان —کە ناومان لێ ناوە چاکە- لێ رابێت و بەرگەیان بگرێت.

518 b-c کۆمار کتێبی حەفتەم.

خواوەند پاکە لە هەڵە.

518 e کۆمار کتێبی پێنجەم،

لە بیرمەکە هاورێ بوون لەگەڵ خەڵکدا، رێگەیەکە بەرەو کامەرانی. لە کاتێکدا، خەسڵەت و تایبەتمەندی چەوسێنەری لەجیاتی هاوڕێیەتی، هەڵگری گۆشەگیرییە.

321 c نامەکان، نامەی چوارەم.



یەکسانی لە مرۆڤدا دەقاودەق وەکو یەکسانی لە کۆمەڵگایە، و ئێمە نابێ لەبیر بکەین کە یەکسانی لە کۆمەڵگادا، واتای ئەمەیە کە هەر کام لەم سێ چینەی کە تێدایە، ئەرکی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات... هەر کام لە ئێمە کاتێك یەکسان خوازین و ئەرکی خۆمان جێبەجێ دەکەین کە هەر کام لە بەشەکانی وجوودمان ئەرکی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات.

441 d کۆمار، کتێبی چوارەم ( c لە هەندێك لە وەرگێڕاوەکان)

ئەرکی عەقڵ ئەمەیە کە بە نوێنەرایەتی تەواوی رۆح (گیان)، بە کەڵك وەرگرتن لە زانایی و دوورەئەندێشی، فەرمانڕەوایی بکات، لە بەرامبەردا بەشی بوێری رۆح دەبێ وەکو فەرمانبەرێك و پشتیوانی عەقڵ، ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

کاتێك ئەم دوو بەشە بۆ تێگەیشتنی ئەرکە راستەقینەکانی خۆیان پەروەردە کران، دەبێ ئامادە بن کە هەوساری کۆمەڵێك لە ئارەزوو و هەوەسە شەهوانییەکان - کە تا ڕادەیەکی زۆر گەورەترین بەشی رۆح پێك دێنن و سروشتی ئەوان بەشێوەیەکە کە تێر نابن- بەدەست بگرن، دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەم هەوەسانەبن تارێگر بن لەوەی هەوەسەکان و شەهەوات لە لەزەتەکانی جەستەیی سوودێکی زۆر ببەن و بەم جۆرە وەها قەڵەو و تێنوو بن کە لەش نەتوانێ ئەرکە تایبەتیەکانی خۆی بەجێ بێنێت و لەجیاتی هەول بدات تا سەراسەری (بنەرەتی) ژیانی مرۆڤ تێك بدات و ئەو بکاتە کوێلەی خۆی.

441 e, 442 a کۆمار، کتێبی چوارەم،

لە خەودا، خەیاڵێکم بینی و لەم خەیاڵەدا، پێم وترا کە دابەش کردنەکانی یەکەمین کە هەموو شتێك —وەك من و تۆ- لە وانە دروست کراون، بەشێوەیەکن کە کەس ناتوانێ روون کردنەوەیەك لە بارەیان بدات. لەسەر هەر کام لەم دابەش

کردنانە خۆی لەخۆیدا، تەنیا دەتوانین ناوێك دانێین: ئێمە ناتوانین شتێکی زیاتریان پێ ببەخشین. ئەگەر بمانەوێ تەنیا باسی خۆیان بکەین تەنانەت ناتوانین بڵێین کە ئەوانە هەن یان نە، چونکە باس لەو شتانە کردن، ئاماژەیەکە بۆ تایبەتمەندی بوون یان نەبوون کە خستوومانەتە پاڵیان.....

ئێمە لەتواناماندا نییە، هیچ کام لەم دابەش کردنە سەرەتاییانە پێناسە بکەین تەنیا دەتوانین ناویان بۆ دانێین، چونکە ئەمانە جگە لە ناوێك هیچی تریان نییە. بەڵام ئەوشتانەی کە لەم توخمانە پێکهاتوونە، لەو شوێنەی کە بەم جۆرە لێکدراون، بە لێکدانی ناوەکان کە وەسفێك پێك دەهێنن، پێناسە دەکرێن، چونکە یەك وەسف، بنەڕەتی پێناسەیانە.

تیۆ ئیێ تێتوس 202 b. (لە هەندێك وەرگێڕانەکان b) 201 e

- وابیر بکەوە کەسێك شتێك ببینێت یان گوێی لێ بێت و یان ئاگاداری شتێك بێ و دووای، بەخۆی بڵێ: «ئەو شتەی کە من دەرکی دەکەم، تاڕادەیەك بەشتێکی تر دەچێ: هەرچەند لە راستیدا تەنیا لێکچوونێکی سستی ئەو شتەیە». ئایا بەڕای تۆ، کەسێك کە هەستێکی وای هەیە، نابێ شوناسێکی پێشوویی بە ئەو «شتەی تر» هەبێ و لە راستیدا، ئەو شتەی تر بە بیریدا هاتبێ؟

- هەڵبەت ...

- کەواتا ئێمە پێش ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار شتێك ببینین کە هەتا رادەیەك - و نە بەتەواوی - لەگەڵ یەکدا یەکسانن، بەشێوەیەکی رەها، دەرکێکی پێشوومان لە یەکسانی هەبووە.

- راستە.



- لە هەمان کاتدا، ئەمە پەسەند دەکەین کە جگە لە رێگەی بینین یان لەمس کردن یان یەکێك لە پێنج هەستەکان، بە وێنەی یەکسانی نەگەیشتین و نەشماندەتوانی بگەین، من ئێستا هەموو ئەم هەستانە وەك یەك دەزانم.

- سوکرات! بۆ ئەو مەبەستانە کە لە گفتوگۆی ئێمەدا پێویستە، ئەمانە هەمووی وەك یەکن.

- لەسەر ئەم بنەمایە، بە دڵنیاییەوە لە رێگەی هەستەکان ئاگاداری ئەم بابەتە دەبین ئەو شتانەی کە تا ڕادەیەك یەکسانن، بەتەواوی یەکسان نین، سەرەڕای ئەمەش، ئێمە دەبێ وێنەیەکمان لە یەکسانی رەها هەبێ، ئەگینا قیاسێك لە ئارادا نییە کە بتوانین، ئەو شتانەی کە لە نزیك بە یەکسانی دەبینن، لەگەڵ یەك بەراورد بکەین.

- سوکرات! وا دێتە بەرچاو کە ئەو گوتەیە تاڕادەی پێویست، مەنتقی و لۆژیکیە.

- بەڵام بەشێوەیەکی رەها، تەنیا کاتی لە دایك بوون، بۆ یەکەمین جار دەبینین و گوێمان لێ دەبێ و هەستەکانمان بەکار دێنین؟

- هەڵبەت.

- بەڵام پێشتر لەسەر ئەم بابەتە رێك کەوتین کە ئێمە دەبێ، پێش لەوەی کە هەستەکانمان بەکار بێنین، لە یەکسانی و نایەکسانیان ئاگادار بین و ئەگینا ناتوانین هیچ دەرکێکمان لەوانە هەبێ.

- بەڵێ.

- ئەمە بەم واتایەیە، کە بە دڵنیاییەوە، بەر لە دایك بوون، خاوەنی ئەم تێگەیشتنە بووینە.

- وا دیارە.

- لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر بەر لە دایك بوون، خاوەنی ئەم شوناسە بووینە و كاتێك لە دایك بووینە، زانیومانە، بەم واتایەیە كە ئێمە نە تەنها بە یەكسانی و یەكسانی نیسبی، بەڵكو لەسەر هەموو بنەما ڕەهاكانیش شوناسمان هەبووە. و ئەم بەڵگەیەی كە لە بارەی یەكسانی ڕەها بەكارمان برد، ڕاست بە یەكسان، بۆ جوانی ڕەها، چاكەی ڕەها، پابەند بوونی ئەخلاقی ڕەها و تەقەدوسی ڕەها و هەروەها بەڕای من، بۆ هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی كە ئێمە زاراوەی «ڕەهایان» پێ دەبەخشین (بۆیان بەكار دێنین) بەكار دێت. ئەمە نیشان دەدات كە ئێمە بەدڵنیاییەوە بەر لە دایك بوون، لەسەر ئەم بابەتە ڕەهایانە شوناسمان هەبووە.

فایدۆن، 74 e, 73 c (كۆتایی) و درێژەی ئەو دەڵێن سوكرات لە خەودا، جوجكە قوویەكی بینی كە لەسەر ئەژنۆیەكانی دانیشت، جوجكە قوویەكە بە خێرایی پەڕوباڵی دەرهێنا و بوو بە قوویەك.

لەو كاتەدا ئاوازێكی بڵند و دڵنشینیی چڕی و دوایی فڕی، ڕۆژی دوایی، سوكرات لەگەڵ ئەفلاتووندا، وەكو قوتابییەك، ئاشنا بوو و زوو تێگەیشت كە ئەو، هەمان قوویە كە لە خەودا بینیویەتی.

دێوگنس لائرتیوس، ژیانی فەیلەسوفە ناودارەكان، كتێبی سێیەم، پێنجەم.



## ڕووی دیكەی فەلسەفەی ئەفلاتوون

بونیادی ترین ئەسل ئەمەیە كە هەموو كەسێك، چ پیاو بێ چ ژن، دەبێ ڕێبەرێكی هەبێ و نابێ كەسیش لەم تایبەتمەندیە ڕابێت كە شتێك، بەشێوەیەك لەسەر بنەمای نوێی كاری خۆی ئەنجام بدات، چ بە جدی و چ بە گاڵتە. دەبێ هەم لە كاتی شەڕ و هەم لە كاتی ئاشتیدا، ڕێز لە ڕێبەرەكەی بگرێ و بەدڵەوە پەیڕەوی لێ بكات. تەنانەت بۆ هەرشتێك هەرچەند بچوك، ڕێنماییەكانی بكاتە سەرمەشقی خۆی، بۆ نموونە: دەبێ تەنها لەو كاتانەی كە ئەمری پێ كراوە، لە خەو هەستێ، ئەملاو ئەولا بڕوات خۆی بشوات و نان بخوات... بە دەستەواژەیەكی تر، دەبێ بە یارمەتی قۆناغە درێژخایەنە پەروەردەییەكان رابێت كە هیچ كاتێك، تەنانەت لە خەیاڵیشدا بیر لە سەربەخۆیانە كاركردنیش نەكاتەوە، و بەم جۆرە بەتەواوی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە كارانە ناتەوان بێ. بەم جۆرە هەموان ژیانی خۆیان لە هاوبەشیەكی تەواو بەسەر دەبەن. هیچ یاسایەك سەرتر لەمە نەبووەو نابێتیش. ئەمە كاریگەرترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەركەوتن لە شەڕدا. لە كاتی ئاشتیدا و لە یەكەمین ڕۆژانی منداڵی دا ئەم یاسایە وەك سەرترین یاسا دەبێ بمێنێت: پێویستی

فەرماندان لەسەر کەسانی تر و فەرمانبردن لە کەسانی دی. تەواوی ئەو نیشانانە کە دەبێتە هۆی سەربەخۆیی یان ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتدا دەبێ لە ژیانی هەمموو مرۆڤەکاندا و تەنانەت چوارپێیە کێویەکانیش کە مرۆڤەکان بە خێویان دەکەن بەتەواوی لەناو بچێت.

یاساکان 942 a – f

ئەم قسانە، بەشێوەیەکی ترسناك بۆ لێکۆڵەرانی رایشی سێیەم و رژێمی کۆمۆنیزمی — لە روسیای ستالینی هەتا شۆڕشی فەرهەنگی (رۆشنبیری) ئاسایی و ئاشنایە. وا بەرچاو دێت کە زانستی سیاسەتی چەوسێنەرانە، دوای تێپەڕبوونی زۆرتر لە دوو هەزار ساڵ لە قۆناغی منداڵی شارستانیەتی ئێمە، پەرەسەندنێکی کەمی هەبووە. دەقاودەق بە هەمان شێوە کە دەروونناسیەك، حکومەت گەلێکی وا دادەمەزرێنێت، بە لە بەرچاو نەگرتنی قۆناغی منداڵی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی، سەرکەوتنێکی وای بەخۆی نەبینیوە.

بۆ ماوەی چەندین سەدە، نەدەکرا ئەفلاتوون هەڵە بکات. لەو ماوەیە کە ناوچەی پاراستراوی لایەنگرانی کلاسیزم و خواناسەکان بە جێ ما، بیرو ڕایەك وەك ئەمە، بەبێ مەترسی لە قەڵەم دەدرا. مەگەر لە چاوی ئەو کەسانە کە دەبوونە بەرپرسی قوتابخانە شەو و رۆژیەکانی نوخبەکان و ئەم بیروڕایانە، کە وەك بیرۆکەیەك بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی چەرخی



ڤیکتۆریا بوو، پێشکەش دەکرد، تەنیا لە نیوەی سەدەی بیستەم دا بوو کاریل پۆپەر، فەیلەسوفی نەمسایی بەم ئەنجامە گەیشت کە ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئاشکرای بکەن، ئەفلاتوون فاشیست بووە. ئەو ئەم کارەی لە کتێبی «کۆمەڵگای کراوەو و دوژمنانیدا» [1] ئەنجامدا. کە وتاری خوارەوە لەو وەرگیراوە:

باوەڕ بە تاکە کەسی پەیوەندار لەگەڵ جۆرێك دۆستایەتی، بووەتە بناغەی شارستانیەتی رۆژئاوای ئێمە. ئەم بابەتە، فێرکردنی بونیادی مەسیحییەتە. کتێبی پیرۆز دەڵێ «دراوسێیەکەت خۆش بووێ» نەك (هۆزەکەت) و گیان بەخشی تەواوی فێرکردنە ئەخلاقییەکانە کە لە شارستانییەتی ئێمە شانازیان کردووەو خوێنی گەرمیان لە خوێنبەری ئەم شارستانییەتە وەگەڕخستووە... ئەفلاتوون حەقی بەدەست بوو کە ئەم ئامۆژگارییە دژ بە حکوومەتی کاستی[2] خۆی بزانی، ئەو لەم ئامۆژگارییە، زۆرتر لە هەر ئامۆژگارییەکی تر کە باوەڕی بە هەڵسەنگاندنی رۆژگاری خۆی بوو، بێزار بوو... هەرگیز کەسێك لە دژایەتی هەر شتێك کە تاکەکەسیە، وەك ئەفلاتوون پێی لەسەر دانەگرتووە.

پۆپەر، کۆمەڵگای کراوەو دوژمنانی

(1) Open Society & Its Enemies.
(2) Caste.

پۆپەر ئەم وتارە دەگێڕێتەوە کە ئەفلاتوون، کۆماری خۆی بە سەرترین وێنەی دەوڵەت وەسف دەکات. ئەفلاتوون لە درێژەی ئەم قسانەدا دەڵێ: ژنان و منداڵان و هەروەها تەواوی خزمەتکارەکان، کۆیلەکان و ئاژەڵە ماڵییەکان، بە موڵکی هاوبەشی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێن، بۆ ئەوەی کە هەموو نیشانەکانی باوەڕ بە تاکە کەسی و یان هەر شتێکی بەتایبەت لە قەڵەم دەدرێت، لە ژیانی ئێمە لەناو بچێت، هەرەجۆرە کەرەستەیەك کە بلوێت بەکارگیراوە. تەنانەت ئەو شتانەش کە بە شێوەیەکی سروشتی تایبەتی و تاکەکەسین. هەتا ئەو ڕادەیە کە دەکرێ، بوونە بە موڵکی هاوبەشی هەمووان هیچ شتێك پەیوەست بە کەسێك نامێنێ (خاوەنییەتی تایبەتی نامێنێت): تەنانەت وا دێتە بەرچاو کە چاوەکان، گوێیەکان و دەستەکانیشمان، ئەوها دەبینن و دەبیستن و کار دەکەن، کە دەڵێی تایبەت بەکەس نییە و بەڵکو هی کۆمەڵگای هاوبەشە. هەموویان بە یەك شێوە داڕێژراون: بەجۆرێك کە تائەوپەڕی لە یەك دەچن. ئەوان لە ستایش و سەرزەنشتدا هاوڕدان، تەنانەت هەموویان پێکەوەو لە یەك کاتدا، لەسەر شتێك شاد دەبنەو خەمی یەك شت دەخۆن، تەواوی یاساکان بۆ ئامانجی، یەك پارچە کردنی هاوولاتیان هەتا ئەو رادەیە کە دەکرێ، تەکمیل کراون... بەهیچ شێوەیەك ناکرێ سیستەمێکی باشتر لەمە بۆ فۆرمی باشتری حکوومەت بەدی بهێنرێ.

یاساکان، 739 c ( و درێژەی)



ئەمانە روانگاکانی زیادەڕۆیانەی لاوێك نییە، بەڵکو بیروڕای بەراوردکراوی پیرێکی زانایە، یاساکان لە پێرستی دوایی بەرهەمەکانی ئەفلاتوونە، ئەفلاتوون نزیك لە یەقینەوە، ئەم کتێبەی کاتێك نووسیوە کە بۆ سێیەمین جارو دوایین جار، لە سیراکوس گەڕابووەوە. ئەم بەرهەمە سیمای ئەفلاتوونی، لە ناوەڕاستەکانەوە هەتا کۆتایی تەمەنی هەفتا ساڵی، دەخاتە بەرچاو.

وا دێتە بەرچاو کە زۆربەی شیتەڵکاران لەگەڵ ئەم روانگەیەن کە لە یاساکاندا «ئەفلاتوون بە چاککردنەوەی یۆتۆپیای باوەڕیی کۆماری، ئیمتیاز گەلێکی بە ژیانی واقیعی بەخشیەوە»، (کاپلێستۆن) بە بەرچاو نەگرتنی ئەم پرسیارە کە ئایا کۆماری ئەفلاتوون جۆرێك لە یۆتۆپیایە (بەهەر شێوەیەك و بۆ هەر کەسێك کە تێیدایە) یان نە، ئایا ئەمانە لەو جۆرە ئیمتیاز بەخشینانەیە بە ژیانی واقیعی کە ئێمە ئاواتمانە ببیبنین؟

بەداخەوە حکومەتی چەوسێنەر و هاوڕێ لەگەڵ هاوجۆرگەرایی کۆمەڵیی، بەگشتی بۆ چەندین میلیۆن کەسی بێ بەخت، ژیانی واقیعی بووە. (و هێشتاش هەروایە). بەلاّم بۆ زۆربەی ئێمە، کەم کردنەوەکان، یان ئیمتیازاتێك کە ئاواتمان بووە ببینین لە کۆماری ئەفلاتووندا دەدرێتە ژیانی واقیعی، جۆرێکی ترە.

«زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ئێوە شیاوی ئەوە نین کە لەسەر بنەمای یۆتۆپیای من بژین، لەجیاتی ئەم جەهەنەمتان لەسەر زەوی، پێشکەش دەکەم» وادیارە کە ئەم وتەیە، گیان بەخشی ڕوانگەی ئەفلاتوون بێ. بەم جۆرە کە پێشتر وتم بەڵگە گەلێکی دەروون ناسانە و مێژوویی بەهێز،

بەدەستەوەیە کە بۆچی ئەفلاتوون باوەڕی بەم جۆرە هزرە سەیرو نامۆیانە هێنابوو. بەلاّم سودی فەلسەفە چییە، کاتێك کە سەرامەدترین کارگێڕەکانی، بیرو باوەڕێکی وا دێنێتە ئاراوە کە بەشێوەیەکی ترسناك، رەنگ و بۆنێکی هەڵەبیری، تێکەڵ بە لایەنگیری دەمارگیرانەیان هەیە؟ دەتوانین بەڵگەیەکی وا بێنن کە فەلسەفەی ئەفلاتوون (وەك جیهانی ئایدیاکانی) لە رۆژگاری (ئەو) لە پێشترە، هەرچەند بیروڕای سیاسی ئەو (وەکو شتە وردەکانی جیهانێك کە تێیدا دەژین) شتێکی زۆرتر لە خەیاڵێك نییە.

لە راستی دا، کەسێك ناتوانێ نکوولّی لەم واتایە بکات کە بیروڕای سیاسی ئەفلاتوون، سەرهەڵداوی رۆژگاریانە. ئەسینا لەژێر هەڕەشە بوو و ئەگەر ویستبای درێژە بە ژیانی خۆی بدات، دەبوایا ببێتە سپارتیەکی تر. (دە ساڵ دوای مردنی ئەفلاتوون، مەکدوونیەکان، هێرشیان بردەسەر ئەسینا.) بەداخەوە، ئەفلاتوون رژێمی خەیاڵی و بێبناغەی خۆی، هەم لە کاتی شەڕ و هەم لەکاتی ئاشتیدا رادەگەیەنێ، بۆ کاتی هەڕەشەکردن و بۆ کاتێك کە هیچ هەڕەشەیەك لە ئارادا نییە، بۆ رۆژگاری نالەبار و بۆ ئەو رۆژگارانەی کە زۆریش نالەبار نین. (شتێك بەناوی رۆژگاری لەبار نەیدەتوانی لەم جۆرە رژێمەدا هەبێ).

پانتایی هزرە سیاسیە ناخۆشەکان، سنووردار بە شارە بچووکەکانی ناوچەی بالکان، پتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، نابێ. ئەم هزرانە هێشتاش باون، بە دەستەواژەیەکی تر هزرە سیاسیەکانی ئەفلاتوون، تا هەمان رادە دەمێنن کە بەشەکانی تری فەلسەفەی (ئەو). پێدەچێت هیچ چارەسەری بۆ



ئەم گرفتە بەدەست نەکەوێ، فەلسەفەی ئەفلاتوون یەکێك بووە لە جوانکارییەکانی گرنگی شارستانیەتی رۆژئاوا و دەبێ.

ئەم سیستەمە فەلسەفییە، پرسیارگەلێکی هێنایەکایەوە کە فەلسەفە هێشتاش لەگەڵیا خەریکی دەست و پەنجە نەرم کردنە، و هەروەها بونیادی عەقلانی بیری مەسیحییەتی پێکهێنا. سەرەڕای ئەمەش، تیۆرییە کۆمەڵناسیەکانی، لە رادەبەدەر ناخۆش و ئازاربەخشن، (ئەوەی کە بڵێین لە رۆژگاری ئەوان هەموو، بەم جۆرە بیریان دەکردەوە، بیانوویەکی پەسەندکراوە نییە، وانەبوو، ئەفلاتوون لە ئەسینا، واتا دایکی دیموکراسیەت دەژیا) رەنگە ئەگەر بمانەوێ وتەیەکی بەنرخ بڵێین، ئەوپەڕی دەتوانین بڵێین، کە دەبێ بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون بەرزترین نمرە و بۆ بیری سیاسی ئەفلاتوون کەمترین نمرە دابنێین.

بە هەمان شێوە کە لە دوای سوکرات, ئەفلاتوون، قوتابی ئەو هاتە مەیدان، ئەرەستوو قوتابی ئەفلاتوونیش دواتر سەری هەڵدا هەتا تەواوکەری ((سێ کەس سالاری)) فەیلەسوفە مەزنەکانی یۆنان بێ، ئەرەستۆ لەگەڵ ئاراستەکردنی هزرگەلێکی تایبەت بەخۆی، هزر و ئەندێشەی ئەفلاتوونیشی پەرە پێدا و رەخنەی لێ گرت، و لەم پرۆسەیەدا، فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی بەدی هێنا. لەگەڵ ئەمەشدا فەلسەفەی ئەفلاتوون، بەشێوەیەکی پاك و رەسەنتر، هێشتا لە ئاکادێمیا باو بوو و لەوێ بەناوی قوتابخانەی ئەفلاتوون بەناوبانگ بوو.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری رۆمدا، ئەم قوتابخانە فەلسەفییە هێدی هێدی پەرەی سەندو لەم رێگایەدا، چەندین لایەنی جۆراوجۆری فەلسەفەی

ئەفلاتوون لابردرا، روون و ئاشکرایە لە ئیمپراتۆرییەك کە کەسانێکی وەك کالیگۆلا یان نێرۆن دەسەلاّتدارن، هەرجۆرە باسێك لەبارەی یۆتۆپیا سیاسیەکان لە عەقڵ بەدوور بوو. ئەندێشەکانی تری ئەفلاتوون وەك بیروڕای ئەو لە بواری ماتماتیك بەتەواوی دوور خرایەوە، چونکە رۆمانیەکان حەزیان لە ماتماتیك نەبوو.

دوای تێپەربوونی ساڵەها قوتابخانەی ئەفلاتوون گۆڕانی بەسەر داهات، لە ئەنجامدا هەندێك لە وەفادارترین کارگێرانی ئەم قوتابخانەیە، گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە هەرچەند فەلسەفەی ئەفلاتوون راستە (لەسەر رێگەی راستە) بەلاّم ئەفلاتوون زۆرجار ئەو شتانەی کە باسیانی دەکرد، خۆی لێی تێ نەدەگەیشت. ئەم فەیلەسوفانە بڕیاریان دا کە خۆیان لە قسەکانی ئەفلاتوون تێ بگەن. لە ئەنجامدا تەفسیرێکی نوێ لە فەلسەفەی ئەفلاتوون بەدی هات کە بە ناوی قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی ناوبانگی دەرکرد. نوێ ئەفلاتوونیەکان، جەختیان لەسەر، توخمە عیرفانییەکانی قوتابخانەی ئەفلاتوون دەکردەوە. ئەو شتەی کە لایەنگیری بوون، باوەڕ بە زنجیرەیی بوونی بوون بوو کە لە فراوانی (کثرت) دەستی پێ دەکرد و لە ئەنجامدا بە چاکە (یان تاکە) کە سادەی پەتی بوو- دەگەیشت.

گرنگترین نوێنەری قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی، ئەفلۆتین (پلۆتینوس) فەیلەسوفی سەدەی سێی زایینیە. ئەو کە لە ئەسکەندەرییە دەیخوێند، قوتابی مەسیحیەکی هەڵگەڕاوە لە دین بوو کە لایەنگیری قوتابخانەی ئەفلاتوون بوو و لەبەر ئەمە هەندێك لە هزرەکانی ئەفلۆتین، کەش و هەوایەکی مەسیحییانەی هەیە، بەلاّم لە هەمان کاتدا کە مەسیحییەت و



قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی لە هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆری رۆم پەرەی دەسەند، بە ناچارییەوە بەگژی یەکدا چوون. بۆ ماوەیەك قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونیان وەك سەدێك لە بەرامبەری شەپۆلی داگیرکەری مەسیحییەت دەزانی.

بەلاّم سەدەی چوارەم تەماشاکەری لە دایك بوونی قدیس ئاگۆستین، خەڵکی هیپۆ، باشترین مێشکی هزرمەندی فەلسەفی لە سەردەمی ئەرەستوو بەدواوە بوو. قدیس ئاگۆستین لە نەبوونی ناوەڕۆکی عەقلاّنی لە مەسیحییەتدا، زویروزگار بوو و شەیدای قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی بوو. لە ئەنجامدا ئەو لە ئاشتکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلۆتین، لەگەڵ ئیلاهیاتی ئۆرتۆدۆکس یان کلاسیکی مەسیحی، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەم جۆرە مەسیحییەت خاوەنی بونیادێکی عەقلاّنیی قایمتر بوو، و هزرە گۆڕاوەکانی ئەفلاتوون لەگەڵ تەنیا توانایی عەقڵ کە لە کردەوەدا دەرکەوت, توانای هەیە لە دەورەی تاریکایی بە سەلامەت دەرچێ، یەکیان گرت.

بەم جۆرە قوتابخانەی ئەفلاتوون ( لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خۆی) بوو بە بەشێك لە نەریتی مەسیحییەت و لە تەواوی چەرخەکاندا، کۆمەڵێك لە هزرمەندەکانی بەدی هێنا کە لە ئەفلاتوونیان خۆی باشتر تێی دەگەیشتن: ئەفلاتوونییەکان، نوێ ئەفلاتوونیەکان، قدیس ئاگۆستین و کەسانێك وەك ئەوانە، لایەنگیرانی قوتابخانەی ئەفلاتوون لە راستیدا هەتا سەدەی بیستەمیش، لە زانکۆ گەورەکانی ئەورووپا - بەتایبەت لە ئەڵمانیا و کەیمبریج - بە بەردەوامی رۆژگار یان بە دڵ بوو، بەلاّم ، ئەم باوەڕە بەدی هاتووە کە ئەم شێوازە لەناو چووە.

## سالنامەی ڕووداوە گرنگە فەلسەفییەکان
## لەسەر بنەمای مێژووی زایینی

| | |
|---|---|
| سەدەی شەشی (پێش زایین) | سەرەتای دەست پێ کردنی فەلسەفەی رۆژئاوا بەهۆی ئەندێشەکانی تالیس مەلتی. |
| کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز | مردنی فیساگورس. |
| **٣٩٩ پ.ز** | سوکرات لە ئەسینا حوکمی مەرگی بۆ دەردەچێت. |
| **٣٨٧ پ.ز** | ئەفلاتوون ئاکادێمیای خۆی کە بە یەکەمین زانکۆ لە قەڵەم دەدرێت لە ئەسینا دادەمەزرێنێت. |
| **٣٣٥ پ.ز** | ئەرەستوو قوتابخانەی لیسێئۆم لە ئەسینا دادەمەزرێنێت کە دەبێتە رکابەری ئاکادێمیا. |



| | |
|---|---|
| **٣٢٤ ز** | ئیمپراتۆر کۆنستانتین، ئیمپراتۆری رۆمی بۆ شاری بیزانس دەگوازێتەوە. |
| **٤٠٠ ز** | سەنت ئاگۆستین کتێبی دان پێدانانی (اعترافات) خۆی دەنووسێ، فەلسەفە لە ئیلاهیاتی مەسیحیدا لە مەحالات دەبێت. |
| **٤١٠** | روخانی ئیمپراتۆری رۆم بەدەستی ویزیگێتەکان و سەرەتای چەرخی تاریکایی. |
| **٥٢٩** | داخرانی ئاکادێمیای ئەسینا بە ئەمری ئیمپراتۆر یوستیتین، ئاماژەیە بە کۆتای هاتنی چەرخی حیکمەتی یۆنانی. |
| ناوەڕاستی سەدەی سێنزدە | تۆماس ئاکۆئیناس راڤەکردنی خۆی لەسەر ئەرەستوو دەنووسێ. چەرخی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| **١٤٥٣** | رووخانی بیزانس لەسەر دەستی تورکەکان، کۆتایی هاتن بە دەورانی ئیمپراتۆری بیزانس. |

١٤٩٢ كریستۆف كۆلۆمب دەگاتە ئەمەریكا، چەرخی لە دایك بوونەوە لە شاری فۆلۆرانس و سەرهەلّدانی دووبارەی رێنماییە یۆنانییەكان.

١٥٤٣ كۆپەرنیك كتێبی ((سەبارەت بە هەلّسورانی ئەستێرەكان))ی بلاّوكردەوەو لەڕووی ماتماتیكەوە سەلماندی كە زەوی بە دەوری هەتاودا دەسورێتەوە.

١٦٣٣ كلێسا، گالیلەی ناچاركرد كە بە رەسمیەوە تیۆری ناوەندی بوونی هەتاو رەت بكاتەوە.

١٦٤١ دیكارت، ئەندێشەكانی خۆی بلاّودەكاتەوە. سەرەتای چەرخی فەلسەفەی مۆدێرن.

١٦٧٧ كتێبی ئەخلاقی سپینۆزا لە دوای مردنی، مۆلّەتی چاپی پێ دەدرێت.

١٦٨٧ نیۆتۆن كتێبی ئوسول بلاّو دەكاتەوەو تێیدا باس لە چەمكی



كێشی زەوی دەكات.

١٦٨٩ لاك ((نامە لە بارەی تێ گەیشتنی (فام)ی مرۆڤ، لە چاپ دەدا. سەرەتای سەردەمی فەلسەفی رەسەنایەتی ئەزموون.

١٧١٠ بوروكلی كتێبی (بنەمای زانستی مرۆڤایەتی) لە چاپ دەدا و رەسەنایەتی ئەزموون دەگەیەنێتە سنوورە تازەكان.

١٧١٦ مردنی لایبنیتس.

١٧٣٩ -٤٠ هیوم نامە لەبارەی سروشتی مرۆڤ بلاّو دەكاتەوە و رەسەنایەتی ئەزموونیی هەتا رادەیەكی لۆژێكی بەرەو پێشەوە دەبات.

١٧٨١ كانت كە بە یارمەتی هیوم لە ((خەوی قورسی خۆی بە خەبەر دێت)). كتێبی رەخنەی هزری پاك بلاّو دەكاتەوە، چەرخی

شکۆمەندی میتافیزیکی ئەڵمانیا دەست پێ دەکات.

١٨٠٧ هێگڵ کتێبی دیاردەناسی زەین بڵاودەکاتەوە، کە لوتکەی میتافیزیکی ئەڵمانییە.

١٨١٨ شۆپەنهاوەر کتێبی ((جیهان وەك ئیرادە و دووبارە نیشاندان بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی، لە میتافیزیکی ئەڵمانیا دێنێتە ئاراوە.

١٨٨٩ نیتشە بە راگەیاندنی ئەم بابەتە کە ((خوا مردووە)) لە شاری تۆرینو تووشی شێتی دەبێت.

١٩٢١ ڤینگن شتاین نامەی لۆژیکی — فەلسەفی خۆی بڵاو دەکاتەوەو دەڵێ کە گەیشتووەتە رێگە چارەی کۆتایی بابەتە فەلسەفییەکان.

١٩٢٠ ئەلقەی ڤیەن، پوزیتیڤیسمی مەنتقی، باو دەکات.



١٩٢٧ هایدگر کتێبی ((هەستی و زەمەن)) لە چاپ دەدات کە لە لێك جیابوونەوەی نێوان فەلسەفەی شیکردنەوەیی و فەلسەفەی ئەوروپای بەری باس دەکات.

١٩٤٣ سارتر بە بڵاوکردنی کتێبی ((وجود و عەدەم)) دەبێتە تەواوکەری ئەندێشەکانی هایدگەر و فەلسەفەی ئگزیستانسیالیزم دێنێتە ئاراوە.

١٩٥٣ بڵاو بوونەوەی کتێبی ((لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ڤینگن ئشتاین)) لە دوای مردنی. لوتکەی دەورانی (سەردەمی) شیکردنەوەی زمان.

## سالّنامەی ژیانی ئەفلاتوون

| | |
|---|---|
| نزیکەی ٤٢٨ پ.ز | لە دایك بوونی ئەفلاتوون لە دورگەی ئەگینا (یان لە ئەسینا). |
| ٣٩٩ پ.ز | ئەفلاتوون لە دوای مردنی سوکرات لە ئەسینا رادەکات و بۆ باکوری ئەفریقیا, رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئیتالیا سەفەر دەکات. |
| نزیکەی ٣٨٨ پ.ز | بۆ کۆشکی دیۆنۆسیوسی یەکەم، فەرمانڕەوای سیراکوس لە سیسیل دەڕوات. |
| نزیکەی ٣٨٧ پ.ز | ئاکادێمیا لە ئەسینا دادەمەزرێنێت. |
| ٣٦٧ پ.ز | دەگەڕێتەوە بۆ سیراکوس، بەمەبەستی فێرکردنی دیۆنۆسیوسی دووەم، بەلاّم بەزووترین کات ڕێگای هەلّهاتن هەلّدەبژێرێ. |
| ٣٦١-٣٦٠ پ.ز | جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکی سیراکوس. |
| نزیکەی ٣٤٧ پ.ز | مردنی ئەفلاتوون لە تەمەنی ٨١ سالّیدا. |
| ٥٢٩ ز | داخرانی ئاکادێمیا بەدەستی ئیمپراتۆر یۆستینین و سەرەتای قۆناغی تاریکایی. |



## سالّنامەی چەرخی ئەفلاتوون

| | |
|---|---|
| ٤٣٨ پ.ز | پەرەستگەی پارتینۆن لە ئەسینا دروست دەکرێت. |
| ٤٣١ پ.ز | ڕێژەی پیاوانی ئازاد و گەورە تەمەنەکانی ئەسینا بە ٤٢ هەزار کەس بەراورد دەکرێت (ڕێژەی کۆیلەکان ڕەنگە دوو بەرامبەری ئەم ڕێژەیە بووبێت). |
| ٤٣٠ پ.ز | مردنی فیدیاس، پەیکەرتاش و بیناسازی پارتینۆن. |
| ٤٢٩ پ.ز | مردنی پریکلس، فەرمانڕەوای ئەسینا لە چەرخی زێڕینیدا. |
| ٤١٥-٤١٣ پ.ز | هێرشی ئەسینا بۆ داگیرکردنی سیسیل کە شکست دێنێت. |
| ٤٠٨ پ.ز | ئۆرپیید ئەسینا بەجێ دێلّێت. |
| ٤٠٤ پ.ز | شەڕەکانی پلۆپۆنزی بەسەرکەوتنی سپارتەکان لەسەر ئەسینا کۆتایی پێ دێت. حکومەتی ئەلیگارشی لەسەر ئەسینا زالّ دەبێ و لەدوای خۆی، مەترسی لەگەلّ خۆ دێنێت. |
| ٣٩٩ پ.ز | مردنی سوکرات. |

٣٨٤ پ.ز لەدایکبوونی ئەرەستۆ.

٣٨٠ پ.ز مردنی ئاریستۆفانس، نووسەری شانۆنامە کۆمیدییەکان.

٣٦٧ پ.ز مردنی دیۆنۆسیوسی یەکەم، فەرمانڕەوای سیراکوس لە سیسیل و کوڕەکەی، دیۆنۆسیوسی دووەم جێگری دەبێتە.

٣٥٣ پ.ز پاشا مائۆسۆلوس (ساتراپی ئێرانی و فەرمانڕەوای کاریا) لە ئاسیای بچووك دەمرێ و لە مائۆسۆلیێئۆن دەنێژرێت. ئەم شوێنە، لە ڕیزی حەفت سەر سوڕهێنەرەکەی جیهانی کۆن دادەنرێت.